گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن

Journal of University of Raparin.

مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

DOI: https://doi.org/10.26750/art039.a1879

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 02/03/2025

ڕێکەوتی پەسەندکردن: 06/05/2025

ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/06/2025

# ڕۆڵی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان لە چاودێریکردنی کاروبارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

## توێژینەوەیەکی مەیدانییە

**هەژان خالید ئەحمەد[1] - سەلام نصرالدين محمد[2]**

salam.mohammed@univsul.edu.iq - hazhankhalid@gmail.com

[1+2] بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە :**

بابەتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ڕۆڵی چاودێریکردنە لە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانی کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییە کوردییەکاندا بۆ کاروبارەکانی حکومەت لە ڕوانگەی دەستەبژێری میدیاییەوە. ئەمە لەکاتێکدایە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ماوەی چەند ساڵێکە بە چەندین قەیراندا تێدەپەڕێت کە کاریگەرییان لەسەر ژیان و گوزەرانی هاووڵاتییان دروستکردوە. هەر لەم سۆنگەیەوە، ئامانجی توێژینەوەکە، زانینی ئاستی ڕۆڵی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانە لە چاودێریکردنی کاروبارەکانی حکومەتدا لەڕوانگەی دەستەبژێری میدیاییەوە. توێژەران ڕۆشنایی دەخەنە سەر ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان لەسەر جێبەجێکردنی ڕۆڵی چاودێریکردن لە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکاندا هەیە. توێژینەوەکە لە جۆری وەسفییە و زانیارییەکانی لەڕێگای فۆرمی ڕاپێوی کۆکراونەتەوە. ئەو دەرئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتوە ئاماژەن بۆئەوەی، زۆربەی بەرتوێژان هەندێکجار تەماشای ئەو بەرنامە تەلەڤزیۆنییانەیان کردوە کە سەبارەت بە کاروبارەکانی حکومەت پەخشکراون. هەروەها زۆرینە ئاماژەیان بەوە داوە کە، پاڵنەری تەماشاکردنیان بەدەستهێنانی زانیاری نوێ بوە لەسەر بڕیارەکانی حکومەت. دەرئەنجامێکیتر ئەوەیە، بە بۆچونی زۆرینەی دەستەبژێری میدیایی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان لە چاودێریکردنی حکومەتدا تارادەیەکی مامناوەند ڕۆڵیان هەبوە. یەکێکیتر لە دەرئەنجامەکان ئەوەیە، ئاستەنگی سیاسی، بەرتەسکبونەوەی ڕوبەری ئازادیی ڕادەربڕین و لاوازیی دەستگەیشتن بە زانیاری لە پێشینەی ئەو هۆکارانەن کە کاریگەرییان لەسەر ڕۆڵی چاودێرکاری لە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکاندا هەبوە. گرنگترین ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە بریتییە لە دەرگاوانی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان بایەخ بە ڕۆڵی چاودێریکردن بدەن و هەوڵی چەسپاندنی بنەماکانی بدەن، هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان کەشێکی ئازاد بۆ دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانان بڕەخسێنێت، تاوەکو بتوانن چاودێربن بەسەر کاروبارەکانی حکومەتەوە.

**کلیلە وشەکان:** ڕۆڵ، بەرنامە تەلەڤزیۆنییە کوردییەکان، چاودێریکردن، کاروباری حکومەت.

# Media Elite Perspectives on the Role of Television in Monitoring Government Affairs

## It is a field study

**Hazhan Khalid Ahmed [1] – Salam Nesradin Mohammed[2]**

*[1+2] Media Department, College of Human Sciences, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.*

## Abstract:

In this study, the researchers focused on investigating the role of Kurdish news channels' television programs in montoring government affairs from the perspective of Kurdish media elites. It is obvious, the Kurdistan Regional Government (KRG) has experienced numerous crises that have had a significant impact on citizens' lives. The main objective of this study is to determine the extent to which television programs play a role in monitoring government affairs, as perceived by the media elite. The researchers aimed to identify the factors that affect the application of the watchdog function in television programs. The study utilized a descriptive research method, and data were collected through a survey form. The results of the study revealed that a majority of the respondents sometimes watched television programs about government affairs, and their motivation was to gain information about government decisions. It was also found that, according to the majority of the media elite, television programs played a moderate role in monitoring government. Additionally, the study identified barreiers of this normative role such as, political obstacles, restrictions on freedom of expression, and lack of access to information as the main factors that hindered the effectiveness of monitoring role in television programs in KRI.

Keywords: Monitoring, Television Programs, Fourth Estate, Media Elite

## پێشەکی:

چاودێریکردنی کاروبارەکانی حکومەت بە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی ڕاگەیاندن دادەنرێت، کە چاوەڕواندەکرێت لە کۆمەڵە مۆدێرنەکان و ئەو کۆمەڵگەیانەی لە قۆناغی ڕاگوزەری دیموکراسیدان لەپێناو بەرژەوەندی گشتی بیگێڕێت. بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان دەکرێت ڕۆڵێکی بەرچاوبگێڕن لە ئاشکراکردنی لادانەکانی بەرپرسانی حکومی و خاوەن دەسەڵات، هەروەها شرۆڤەکردنی ئەو کاریگەرییانەی کە پێشبینی دەکرێت لە دەرئەنجامدا لەسەر هاووڵاتیان دروستی بکەن. بەشێک لە تێزەکانی بیرمەندانی زانستی کۆمەڵناسی، سیاسەت و ڕاگەیاندن، بەبایەخەوە ئاماژەیان بە ئەرکی چاودێریکردن داوە. خاڵی جەوهەریی هاوبەش لەنێوان زۆربەیاندا ئەوەیە، ڕاگەیاندن وەک چاودێر دو ڕۆڵی بنچینەیی دەگێڕێت، بەتایبەت لە سیستمە دیموکراسییەکاندا. یەکەمیان بریتییە لە، چاودێریکردنی بەرپرسان لەڕێگەی بەدواداچونی کردار و ڕەفتارەکانیان. دوەمیان خۆی دەبینێتەوە لە ئاشکراکردنی زانیارییە گشتییەکان کە پەیوەستن بە کاروبار و پرسە شاراوە پەیوەندیدارەکان بە خەڵکەوە. (Bovens,2014)

چاودێریکردن لە ڕاگەیاندندا بە تیۆری، بەتایبەت لە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکاندا، کە بابەتی ئەم توێژینەوەیەیە، بە دو ئاراستەیە، لەلایەکەوە، دەکرێت بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان سەکۆیەکبن بۆ خستنەڕوی کێشەکانی هاووڵاتییان، لە هەمان کاتدا، دەرفەت دەرەخسێنن بۆ بەرپرسانی حکومی، تاوەکو ئاگاداری کەموکورتییەکان بن، بە ئامانجی دۆزینەوەی چارەسەر. وەک دەگوترێت، ئەگەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن نەبن، حکومەتەکان ناتوانن بە جەماوەر بگەن. دروستکردنی ئەم پردی پەیوەندییە تەنها لە بەرژەوەندی گشتی نییە، بەڵکو وەک (Norris and Odugbemi, 2009)، ئاماژەی پێدەدەن، دەسەڵاتداران وەک پێوانەیەک بۆ ڕای گشتی و زانینی کاردانەوەکانی هاووڵاتییان بەرامبەر سیاسەسەتەکانیان و بڕیارەکانیان تەماشای ڕاگەیاندن دەکەن.

توێژەران کۆکن لەسەر ئەوەی چاودێریکردن ئەرکێکی پێوانەیی (Normative Functions)یە، بەو واتایەی هەرچەندە ڕاگەیاندکاران و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لەو باوەڕەدابن ئەرکیان پاسەوانیکردنی بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتییانە، یاخود بۆچونیان وابێت ئەرکیان ئاشکراکردنی لادان و سەرپێچییەکانی حکومەت و کاربەدەستانە، بەڵام وەک (2003 , Coronel ) ئاماژەی پێدەدات، ئەوان بەو مەرجە دەتوانن ئەم ڕۆڵە ئەرێنییە بگێڕن، کە کەشێکی لەبار هەبێت. ڕەخساندنی بارودۆخێکی گونجاو بۆ پراکتیزەکردنی ڕۆڵی چاودێر، کارێکی ئاسان نییە بەتایبەت لەو وڵاتانەی خاوەنی ئەزمونێکی نوێن لە دیموکراسییەتدا. زۆرێک لە توێژینەوەکان کۆکن لەسەر بونی فشاری سیاسی، بازاڕ، فشاری خاوەندار، یاساکان، بەرتەسکبونی ڕوبەری ئازادی بەدەستهێنانی زانیاری و ئازادی بیروڕا کە لە دەرئەنجامدا کاریگەری لەسەر ڕۆڵی چاودێریکردن دروست دەکەن. ( Hussein, 2018;Nai, 2019; Gainaka, 2020; Karadimitriou et al., 2022 and Faris, Maeseele and Smets, 2023)

ئەم توێژینەوەیە مەبەستیەتی بزانێت، بۆچون و ئاراستەی دەستەبژێری میدیایی چییە سەبارەت بە جێبەجێکردنی ئەرکی چاودێریکردن لە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانی کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەکاندا لە هەرێمی کوردستاندا. توێژەران لە ڕاوبۆچونی دەستەبژێری میدیایی سەبارەت بە ڕۆڵی چاودێریکردنی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان بۆ کاروبارەکانی حکومەت دەکۆڵنەوە، بەو

پێیەی بەگوێرەی پسپۆڕی و شارەزاییان و بەهۆی بەرزی ئاستی ڕۆشنبیرییان، دەستەبژێری میدیایی لەنزیکەوە ئاگاداری پرۆسەی بەرهەمهێنان و ناردنی پەیامەکانی ڕاگەیاندنن. جگەلەوە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ زانینی ڕاوبۆچونی بەرتوێژان سەبارەت بەو فاکتەرانەی کە کاریگەرییان لەسەر ڕۆڵی چاودێریکردن لە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکاندا هەیە. بۆ ئەم مەبەستە توێژینەوەکە دابەشکراوە بەسەر سێ پاژی سەرەکیدا بەم شێوەیە، پاژی یەکەم، ڕێبازنامەی توێژینەوەکە، پاژی دوەم، تایبەتە بە چاودێریکردن لە ڕاگەیاندندا، پاژی سێیەم، لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەیە کە بریتییە لە ڕاپێوی بیروبۆچونی دەستەبژێری میدیایی سەبارەت بە کێشەی توێژینەوەکە.

## باسی یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوەکە

### ١,١. دیاریکردنی چەمک و زاراوەکان:

**ڕۆڵ:** کردەی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانە لە چاودێریکردنی کاروبارەکانی حکومەتدا.

**بەرنامە تەلەڤزیۆنییە کوردییەکان**: سەرجەم ئەو بەرنامانە دەگرێتەوە کە لە کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییە کوردییەکاندا پەخشدەکرێن و بەدواداچون بۆ کاروبارەکانی حکومەت دەکەن.

**چاودێریکردن:** یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان کە ئامانجی ئاشکراکردنی لادانەکان و بەخشینی زانیاری ورد و قوڵە بە هاووڵاتییان سەبارەت بە دۆزە سیاسی، ئابوری و ژینگەیی، تەندروستی و کۆمەڵایەتییەکان کە پەیوەستە بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

**کاروباری حکومەت**: مەبەست لە پرس و بابەتە پەیوەندیدارەکانە بە حکومەتی هەرێمی کورستان-عێراق.

### ٢,١. کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە نارونی و نەبونی زانیاری پێویست لەبارەی ڕاوبۆچونی دەستەبژێری میدیایی سەبارەت بە ڕۆڵی بەرنامە تەلەڤزیۆنییە کوردییەکان لە چاودێریکردنی کاروبارەکانی حکومەتدا، هەروەها دیدی بەرتوێژان سەبارەت بە هۆکارە کاریگەرەکانی سەر ئەرکی چاودێرکاریی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان. توێژەران لە ڕێگای خستنەڕوی چەند پرسیارێکەوە، کار لەسەر ئەم بابەتە دەکەن:

١: ئاستی بەرکەوتنی دەستەبژێری میدیایی بە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان کە باسی کاروبارەکانی حکومەت دەکەن چەندە؟

٢: بەرتوێژان بەمەبستی ئاگاداربون لە کاروبارەکانی حکومەت تەماشای بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانی کام لە کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییە کوردییەکان دەکەن؟

٣:بۆچونی دەستەبژێری میدیایی سەبارەت بە ئەرکی چاودێریکردن لە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکاندا بۆ کاروبارەکانی حکومەت چییە؟

٤: لە دیدی بەرتوێژانەوە ئەو فاکتەرانە چین کە کاریگەرییان لەسەر ڕۆڵی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان لە چاودێریکردنی کاروبارەکانی حکومەتدا هەیە؟

**٣,١. ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە زانینی ئاستی ڕۆڵی چاودێرکاریی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانە بۆ کاروبارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، جگە لەم ئامانجە سەرەکییە، توێژەر چەند ئامانجێکی لاوەکی دیاریکردوە لەوانە:

١-زانین و ناساندنی چاودێریکردن لە هەرێمی کوردستان وەک یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی ڕاگەیاندن.

٢- زانینی ئاستی بەرکەوتنی دەستەبژێری میدیایی بە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان کە بابەتە پەیوەندیدارەکان بە کاروبارەکانی حکومەت باسدەکەن.

٣- زانینی بۆچونی نمونەی توێژینەوەکە بەرامبەر بەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر ڕۆڵی چاودێریکردن لە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکاندا بۆ کاروبارەکانی حکومەت هەیە.

١,٤. گرنگی توێژینەوەکە:

١-ئەم توێژینەوەیە ڕاگەیاندکاران هۆشیاردەکاتەوە سەبارەت بە ڕۆڵی چاودێریکردن، کاریگەرییەکانی و هۆکارە کارتێکەرەکانی سەر جێبەجێکردنی ئەم ڕۆڵە لە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکاندا.

٢-د توێژینەوەکە دەبێت بە سەرچاوەیەکی بایەخدار بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا، بەتایبەت ستافی ڕۆژنامەوانی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان و بەهۆیەوە دەتوانن پێداچونەوە بە پلان و بارنامەی کاری خۆیاندا بکەن و ئەو کەلێنانە پڕبکەنەوە، کە لەو بوارەدا هەیانە.

٣- توێژینەوەکە دەبێت بە سەرچاوەیەک بۆ حکومڕان و بەشدارانی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، کە زۆرجار بینەر و میوانی بەشداربوی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانن، تاوەکو بەچاوێکی پڕبایەخ بڕواننە ڕۆڵی چاودێرکاریی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان لە دانانی کاریگەری لەسەر تێڕوانین و بڕیارەکانیان دەربارەی حکومەت و هەوڵدان بۆ چاکسازی.

**١,٥. جۆر و ڕێبازی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لەڕوی جۆرەوە (وەسفی)یە، کە داتاکان کۆدەکاتەوە و بەراوردیان دەکات، شیکردنەوە و لێکدانەوەیان بۆ ئەنجامدەدات، بە ئامانجی گەشتن بە گشتاندنێک کە جێگەی قبوڵکردنبێت، وەسفێکی زانستی تەواو بۆ ئەم پەیوەندییانە دەکات. هەوڵێکی زانستییە کە پشت بە ڕێبازی ڕاپێوی دەبەستێت بۆ توێژینەوە لە ڕۆڵی چاودێرکاری بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان بۆ کارەکانی حکومەت لە دیدی بەرتوێژانەوە.

**١,٦. کۆمەڵ و نمونەی توێژینەوەکە:**

ئەنجامدانی ڕاپێوی هەڵسەنگاندنی زانیاری پێشوەختە (استمارة استبيان) هەنگاوێکی زانستییە کە توێژەران لە قۆناغی یەکەمدا بۆ دیاریکردنی نمونەی توێژینەوەکە پشتیان پێبەستوە، بە هۆکاری ئەوەی، بۆچونە زانستییەکان سەبارەت بە پێناسەکردنی چەمکی دەستەبژێری میدیایی و پۆلێنکردنی دەستەبژێری میدیایی لە سیاقی وڵاتاندا جیاوازن. بە ڕای توێژەران

بۆ خۆبواردن لە هەڵەی زانستی لە دیاریکردنی نمونەی توێژینەوەکە و بەمەبەستی یەکلاکردنەوەی ئەم پۆلێنکردنە، باشترین بژاردە وەرگرتنی ڕاوبۆچونی کەسانی پسپۆڕ بوە، لە ئاستی ناوخۆ و لە هەرێمی کوردستاندا.

لەسەر بنەمای ئەم دەرئەنجامە، دو نمونە دیاریکراون، یەکەمیان نمونەیەکی مەبەستدارە لە بەڕێوبەری دامەزراوە ڕاگەیاندنە هەواڵییەکان کە پێکدێن لە، بەڕێوبەری سەرجەم کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییە کوردییەکان و سەرجەم پێگە ئەلکترۆنییە هەواڵی و سیاسییەکان کە ژمارەیان (٦٢) بەرتوێژە و (٤٧)یان وەڵامی فۆرمەکەیان داوەتەوە. دیاریکردنی نمونەکە لەسەر بنەماکانی تێبینی توێژەران، تۆماری سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان، ئاماری مۆڵەتپێدان لە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا دیاریکراون. جگەلەوە توێژەران نمونەیەکیان لە مامۆستایانی زانکۆ و پەیمانگا حکومییەکان لە بەشەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندییە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا وەرگرتوە؛ کە هەڵگری ناونیشانی زانستیی مامۆستای یاریدەدەر بەرەو سەرەوەن و پسپۆڕییان لەبواری ڕاگەیاندن و پەیوەندییە گشتییەکاندایە، کە ژمارەیان (١٠٤) پسپۆڕە و (٧٥) یان وەڵامی ڕاپێویەکەیان داوەتەوە. بەمەبەستی دیاریکردنی نمونەکە توێژەران پشتیان بە ئاماری بەشەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندییە گشتییەکان لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان بەستوە.

### ٧,١. ڕواڵەت دروستی:

توێژەران بەمەبەستی زانینی ڕواڵەتدروستی توێژینەوەکە پشتیان بەستوە بە بۆچون و هەڵسەنگاندنی بەشێک لە پسپۆڕانی ڕاگەیاندن و ئامار، پاش وەرگرتنی سەرنج و تێبینییەکانیان دواجار گۆڕانکاری و هەموارکردنی بڕگەکان لەسەر ئەو بنەمایە ئەنجامدراوە. بەپێی هاوکێشەی ئاماری (Cooper)ڕێژەی سەدی پێوەری ڕاستی فۆڕمی ڕاپێوییەکە بریتییە لە(٨٩,٩٤%)، کە لەڕوی زانستییەوە بە ئاستێکی گونجاو هەژماردەکرێت. [i]

### ٨,١. پێوانەکردنی جێگیریی:

بەمەبەستی دیاریکردنی جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە، ڕێگای دوبارکردنەوە بەکارهێنراوە، دوای جێبەجێکردنی پێوەرەکە بەسەر (١٢) کەسدا لە کۆمەڵی توێژینەوەکە بەدەر لە نمونەی ڕەسەن. بەمەبەستی دڵنیابون لە جێگیری ئامرازەکە، لە پاش تێپەڕبونی سێ هەفتە بەسەر جێبەجێکردنی یەکەمدا توێژەران دوبارە پێوەرەکەیان بەسەر هەمان نمونەی پێشتر لە تاکەکان دوبارە کردەوە. پاشان بە بەکارهێنانی پرۆگرامی (SPSS) لە ڕێگەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن(Person)، پەیوەندی نیوان هەردو تاقیکردنەوەکە دەرهێنرا، لە ئەنجامدا دەرکەوت بەهای پەیوەندییەکە (٠,٩٤)، ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە و پەیوەندێکی بەهێز نیشاندەدات لەنێوان تاقیکردنەوەکاندا کە ئاماژەیە بۆ جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە.

### ٩,١. ئامرازەکانی توێژینەوەکە:

بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوە و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، توێژەران فۆڕمی ڕاپێوییان بەکارهێناوە، کە لەڕێگایەوە داتاکانیان کۆکردۆتەوە.

### ١٠,١. توێژینەوەکانی پێشو:

بەمەبستی سوودوەرگرتن لەو توێژینەوە زانستییانەی کە لە ڕابردودا سەبارەت بە ڕۆڵی چاودێریکردن لە ڕاگەیاندندا ئەنجامدراون و پەیوەندی یاخود نزیکییان لەگەڵ بە گۆڕاوەکانی ئەم توێژینەوەدا هەیە، توێژەران پێداچونەوەی بۆ چەند

توێژینەوەیەک کردوە. ئەمە یارمەتی توێژەرانی داوە لە دۆزینەوەی بۆشاییە زانستییەکان و دیاریکردنی ئاراستەی کارکردنیان، هاوکار بوە وردتر لە کێشە و ئامانجەکانی توێژینەوەکەی تێبگەن، هەروەها میتۆدی گونجاو هەڵبژێرن بۆ گەیشتن بە ئامانجە زانستییەکانیان.

تێزی دکتۆرای (هێرش،٢٠١١) بە ناونیشانی: الوظيفة الرقابية للصحافة الكوردية في إقليم كوردستان – دراسة تحليلية و ميدانية في جريدتي (كوردستاني نوێ) و (رۆژنامە) للمدة من ٢٠٠٩/١/١ لغاية ٢٠٠٩/١٢/٣١.
ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەیە بزانێت، تا چەند ڕاگەیاندنی کوردی ئەرکی چاودێریکردنی جێبەجێکردوە، هەروەها ویستویەتی ئەو بەربەستە سیاسی، ئیداری و میدیاییانە دەستنیشان بکات کە بونەتە ڕێگر لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەرکی چاودێریکردن.  جگەلەوە توێژەر ویستویەتی بزانێت، تاچەند یاسا و ڕێککەوتننامەکان لە هەرێمی کوردستاندا گونجاون بۆ مومارەسەکردنی ئەم ئەرکە. جۆری توێژینەوەکە وەسفییە و دو میتۆدی سەرەکی تێدا بەکارهاتوە. میتۆدی ناخشیکاری بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەی کە سروشتی چاودێرکاری و ڕەخنەییان هەبوە لە هەردو ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) لە ماوەی ساڵێکدا. جگە لەوە، میتۆدی ڕاپێوی بەکارهێناوە، بە مەبەستی توێژینەوە لە ئەرکی چاودێرکاری لە گۆشەنیگای ڕۆژنامەوانانی هەردو ڕۆژنامەکە. گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەشتوە بریتین لە: ئەرکی چاودێریکردن گرنگترین ئەرکی ڕاگەیاندنە لای ڕۆژنامەوانانی هەرێمی کوردستان. ئەنجامێکیتر ئەوەیە، بەگوێرەی بۆچونی بەرتوێژان، ئاستەنگە سیاسییەکان دیارترین ئاستەنگن لەبەردەم ئەرکی چاودێرکاری لە ڕۆژنامەنوسیی کوردی هەرێمی کوردستاندا. هەروەها توێژینەوەکە ئەوەی ئاشکراکردوە کە، بەرپرسیارێتیی زۆربەی بابەتە ڕەخنەییە بڵاوکراوەکان لەو دو ڕۆژنامەیەدا ڕوبەڕوی (حکومەتی هەرێم) کراون، بەهۆی کەمتەرخەمییەکانییەوە.
توێژینەوەی (حسنين،٢٠٢٢) بە ناونیشانی: الوظيفة الرقابية للصحافة الاستقصائية خلال مرحلة التحول الديمقراطي في مصر دراسة تطبيقية على التحقيقات الاستقصائية المنشورة في الصحف اليومية عامي ٢٠١٣م- ٢٠١٤م.
ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوە بوە، بزانێت تاچەند ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاری توانیویەتی لە قۆناغی ڕاگوزەری دیموکراسیدا لە وڵاتی میسردا ڕۆڵی چاودێر بگێڕێت؛ لەڕێگای دەرخستنی لادانەکانی دەسەڵات و ئاشکراکردنی دۆسیەی گەندەڵی لەماوەی ساڵانی ٢٠١٣- ٢٠١٤ دا. توێژینەوەکە لە جۆری وەسفی شیکارییە و لەڕێگای فۆرمی ناخشیکاری، نمونەیەک لە بابەتە بنکۆڵکارییەکانی لە ڕۆژنامەی (الاهرام، الوفد، الوطن) شیکردۆتەوە، کە خاوەن سێ ئاراستەی فکری جیاوازن. گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێیگەشتوە بریتین لە: ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاری تارادەیەک سەرکەوتو بوە لە جێبەجێکردنی ئەرکی چاودێریکردنی دامەزراوەکان لە قۆناغی ڕاگوزەری دیموکراسی لە وڵاتەکەدا. ئەنجامێکیتر تر ئەوەیە کە ڕاگەیاندن توانیویەتی بەشداری بکات لە پاڵپشتیکردنی پرۆسەی ڕاگوزەری دیموکراسی بۆ نمونە، بەرگریکردن لە مافە سیاسی، مەدەنی، ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان، ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی گشتی. توێژینەوەکە گەشتوە بەو ئەنجامەی کە ڕەتکردنەوەی هەماهەنگیکردن لەلایەن سەرچاوەکانەوە، نەبونی یاسای ئازادی ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان، مەترسی لێپێچینەوەی یاسایی، ڕوبەڕوبونەوەی هەڕەشە لەلایەن هەندێک لایەن و سەرچاوەوە، بەربەست بون لەبەردەم ئەرکی چاودێریکردن.

ماستەرنامەی (Gainaka, 2020) بە ناونیشانی: Influence of the watchdog role of broadcast media Nigeria

ئەم ماستەرنامەیە ئامانجی سەرەکی ئەوە بوە بزانێت تاچەند ڕاگەیاندنی بیستراو لە وڵاتی نایجیریادا توانیویەتی ڕۆڵی چاودێر بگێڕێت، هەروەها ڕاگەیاندکاران چۆن هەوڵیانداوە پەرە بە ڕۆژنامەوانی چاودێرکاری بدەن. توێژینەوەکە لە جۆری توێژینەوە چۆنێتییەکانە و میتۆدی لێکۆڵینەوەی بارودۆخی بەکارهێناوە. داتاکانی لەڕێگای ئامرازەکانی چاوپێکەوتنی قوڵ و چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراو کۆکراونەتەوە. نمونەی توێژینەوەکە هەواڵساز و پەیامنێرەکانی دو ڕادیۆی وڵاتەکە بون (ئەهلی و حکومی). گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێیگەشتوە بریتین لە: بەرتوێژان ڕۆڵی چاودێریکردن لە ڕاگەیاندندا وەک بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی دەبینن و لەڕێگەی ئەنجامدانی ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان و پەخشکردنی لە بەرنامەکاندا ئەم ڕۆڵە جێبەجێدەکەن. ئەنجامێکیتر ئەوەیە، کە خاوەندار، بەبازرگانیبونی ڕادیۆ هەوڵییەکان، سانسۆرکردنی خودیی ڕاگەیاندکاران و کەمتەرخەمییان لە بەدەستهێنانی زانیاری، کاریگەرییان لەسەر ڕادیۆکان لە بەرجەستەکردنی ئەم ڕۆڵە هەبوە.

توێژینەوەی (Woldeamanuel,2012) بە ناونیشانی: The watchdog role of journalism: A study of the perception of Ethiopian journalists

ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە بزانێت، چۆن ڕاگەیاندکارانی ئەسیوبی لێکدانەوە بۆ ئەرکی چاودێریکردن دەکەن و تاچ ڕادەیەک بە کرداریی بنەماکانی ڕۆژنامەوانی چاودێرکاری جێبەجێدەکەن. توێژینەوەکە کاری لەسەر نمونەیەکی مەبەستدار کردوە، کە پێکدێن لە سەرنوسەر، جێگری سەرنوسەر و ئامادەکاران لە دامەزراوە ڕاگەیاندنەکان لە هەر سێ جۆری (ڕادیۆ، ڕۆژنامە و تەلەڤزیۆن) کە خاوەنداریان دەگەڕێتەوە بۆ کەرتی تایبەت و حکومەت، لەگەڵ سەرنوسەرانی ئاژانسە هەواڵییەکان. زانیارییەکانی توێژینەوەکە لە ڕێگای هەر سێ ئامرازی، چاودێریکردن، چاوپێکەوتن و فۆکەس گروپەوە کۆکراونەتەوە. گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێیگەشتوە بریتین لە: زۆربەی بەرتوێژان لە ڕێگەی خوێندنەوە، ئەزمون و ڕاهێنانەکانەوە زانیارییان لەسەر ڕۆژنامەوانی چاودێرکاری بەدەستهێناوە. جگەلەوە، زۆرینە بۆچونیان وایە، ئەو دامەزراوانەی کە لەلایەن حکومەتەوە خاوەنداری دەکرێن ئەستەمە بتوانن ڕۆڵی چاودێر بگێڕن، هەروەها ڕێگری دەرگاوانی پۆستە باڵاکان و یاساکان ئاستەنگ بۆ ڕاگەیاندکاران دروست دەکەن لە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە.

## ١١,١. تاوتوێی توێژینەوەکانی پێشو:

بەگشتی یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی توێژینەوەکانی پێشو دەرخستنی ڕادەی جێبەجێکردنی ڕۆڵی چاودێریکردنی دامەزراوە ڕاگەیاندنەکان بوە. بە واتایەکیتر گۆڕاوی سەرەکی توێژینەوەکان چاودێریکردن بوە، کە ئەمەش هاوتایە لەگەڵ گۆڕاوی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە. توێژینەوەکانی (حسنین، ٢٠٢٢و هێرش، ٢٠١١) هەوڵیانداوە لە ڕۆڵی چاودێرکاریی ڕۆژنامەکان بکۆڵنەوە، لە یەکەمیاندا توێژەر لە ڕۆڵی چاودێریکردنی ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاری کۆڵیوەتەوە، بەڵام ڕاگەیاندنی بیستراو بواری توێژینەوەی(Gainaka, 2020) بوە. ئەمە لەکاتێکدایە توێژینەوەکەی (Woldeamanuel, 2012) بەشێوەیەکی گشتی لە تیروانینی ڕۆژنامەوانانەوە لە ڕۆڵی چاودێریکردنی کۆڵیوەتەوە.

لەڕوی جۆرەوە، دوان لە توێژینەوەکان (حسنین، ٢٠٢٢ و هێرش، ٢٠١١) لە جۆری وەسفی شیکارییین، کە یەکەمیان پشتی بە فۆڕمی ناخشیکاری بەستوە، و دوەمیان پشتی بە هەردو ئامرازی فۆڕمی ڕاپێوی و ناخشیکاری بەستوە. ئەمەش لە ڕوی جۆرەوە هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە، بەڵام ئامرازی بەکارهێنراو لێرەدا فۆڕمی ڕاپێوییە. توێژینەوەکانی &

(Gainaka, 2020 Woldeamanuel, 2012)ە لە توێژینەوە چۆنێتییەکانن و یەکێک، یان زیاتر لە ئامرازەکانی چاوپێکەوتن، تێبینی کەسی و فۆکەس گروپییان بەکارهێناوە. لەڕوی دەرئەنجامەوە، خاڵی هاوبەشی زۆربەی توێژینەوەکان ئەوەیە، ئەرکی چاودێریکردن یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی ڕاگەیاندن، هەروەها بە ئەندازەی جیاواز توانیویەتی ئەم ئەرکە جێبەجێبکات. یەکێکیتر لە دەرئەنجامەکان کە زۆربەی توێژینەوەکان پێیگەیشتون ئەوەیە کۆمەڵێک ڕێگری لەبەردەم ئەرکی چاودێریکردندا هەن لەوانە، نەبون یان جێبەجێنەکردنی یاسای بەدەستهێنانی زانیاری، ئاستەنگە سیاسییەکان و دەرگاوانی پۆستە باڵاکان.

## باسی دوەم: ئەرکی چاودێریی میدیایی:

چاودێریکردن لە تێزەکانی بیرمەندانی زانستەکانی کۆمەڵناسی، سیاسەت و ڕاگەیاندندا ئاماژەی پێکراوە، وەک ئەرکێکی گرنگی ڕاگەیاندن. زانای ئەمریکی هارۆڵد لاسوێل، ئاماژەی بە چاودێریکردنی ژینگە (Surveillance of environment) داوە، وەک یەکێک لە سێ ئەرکە بنچینەییەکەی ڕاگەیاندن لەپاڵ هەریەک لە یەکبونی کۆمەڵایەتی(وابەستبون بەیەکەوە) و گواستنەوەی کەلەپوری کۆمەڵایەتی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر. لاسوێل لە چاودێریکردنی ژینگەدا، مەبەستی ئەوەیە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەڕێگەی تۆڕی ڕۆژنامەوانەکانییانەوە زانیاری کۆدەکەنەوە و دواتر بڵاویدەکەنەوە، سەبارەت بە ڕوداوە ناوخۆیی و جیهانییەکان کۆمەڵگە ئاگاداردەکەنەوە. (Lasswell,1948) ئەوەی لە چوارچێوە زانستییەکان ئەم بیرمەندە بۆ تێڕوانین لە ڕۆڵی چاودێرکاری بەرەو کاڵبونەوە چو، چەمکی چاودێریکردن (Surveillance) بو، ئەویش بەهۆی ئەوەی لە هەندێک بەکارهێناندا، ئەم چەمکە ئاماژەیەکی نەرێنی هەیە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری و چاودێریکردن بۆ مەبەستی کۆنترۆڵکردن بەکاردێت. بۆیە بەڕای توێژەران ئەم چەمکە چی دی بۆ وەسفکردنی ئەرکی چاودێرکاری ڕاگەیاندن گونجاو نییە، بەڵکو دەکرێت وشەی ئینگلیزی (Monitoring) بەکاربهێنرێت.

بیرمەندانی زانستی سیاسەت (Norris and Odugbemi, 2009) سێ ڕۆڵی سەرەکییان بۆ ڕاگەیاندن دیاریکردوە، کە بریتین لە چاودێریکردن، دانانی بایەخبەندی و پاسەوانی دەرگا. نوسەران لە چوارچێوەی بیرۆکەکانی کایەی گشتی Public) (Spher و دیموکراسی، بۆ تێگەیشتن لە بەرپرسیارێتییەکانی ڕاگەیاندن ئەو سێ ڕۆڵە شیدەکەنەوە؛ لەو باوەڕەدان، لەم ڕێگەیەوە، دەتوانرێت زۆرترین دەرفەت بۆ ڕەخنەگرتن و وردبینیکردنی عەقڵانییانە لە کایەی گشتیدا بڕەخسێنرێت. لەدەرئەنجامدا ئەمەش ڕەنگدەداتەوە لە فەراهەمکردنی هەڵبژاردنی هۆشیارانە و گەشەپێدانی مرۆیی لە کۆمەڵگەدا. بەپێی ئەم ڕوانگەیە لەڕێگەی جێبەجێکردنی ئەرکەکانییەوە، ڕاگەیاندن ڕۆڵدەگێڕێت لە هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە، ئەمەش دواجار کاریگەری لەسەر بڕیارەکانیان دروست دەکات، وەکو دیاریکردنی کاندیدەکانیان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا. بەهەمان شێوە توێژەران(Bryant et al., 2012) جەخت لەوە دەکەنەوە، ئەرکی ڕاگەیاندن چاودێریکردنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگە و پاراستنیانە لە گەندەڵی، بەتایبەت لە ڕێگای ئاشکراکردنی لادانەکانی حکومڕانان و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ بەجێهێنانی بەرژەوەندی تایبەتی، لە دەرئەنجامدا هەمو ئەمانە یارمەتی کردەی گەشەسەندنی دیموکراسی و چاکسازی سیاسی دەکەن.

نوسەری ئەمریکی (Schudson, 2017) حەوت ئەرکی سەرەکی دەخاتەڕو، کە ڕاگەیاندن لە ڕێگەیانەوە دەتوانێت خزمەت بە پرۆسەی دیموکراسی بکات لەوانە، گەیاندنی زانیاری، بنکۆڵکاری و لێکۆڵینەوە، شیکردنەوە، هاوسۆزی کۆمەڵایەتی، بون بە سەکۆی گشتی، ڕێکخستن، پەروەردەی دیموکراسی. لە باسکردنی ئەرکی بنکۆڵکاریدا نوسەر دەڵێت کە ئەرکی

دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە سەرچاوەکانی دەسەڵات و هێز؛ بەتایبەت چاودێریکردنی دەسەڵاتی حکومەت. جەخت دەکاتەوە، جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە نۆرمەتیڤە پێویستی بە پلاند و کاری پێکەوەیی هەیە. نوسەر فاکتەرە کۆمەڵایەتی، سیاسی، یاسایی، ئابوری، تەکنەلۆژی و دامەزراوەییانە دەخاتەڕو کە یارمەتیدەرن بۆئەوەی ڕاگەیاندن ئەرکی چاودێریکردن جێبەجێبکات، بەتایبەت ئازادی ڕادەربڕین و دەستگەشتنی ڕۆژنامەوانان بە زانیارییەکانی حکومەت و دامەزراوەکان.

## ١,٢. سەرهەڵدان و گەشەسەندنی چاودێریکردن لە ڕاگەیاندندا:

کاتێک باس لە ڕۆڵی ڕاگەیاندن دەکرێت وەک چاودێر ڕاستەوخۆ دەبەسترێتەوە بە چەمکی دەسەڵاتی چوارەم لەپاڵ دەسەڵاتەکانی (دادوەری، یاسادانان، جێبەجێکردن). فەلسەفەی بەکارهێنانی ئەم چەمکە چەند بیرۆکەیەک لە خۆدەگرێت کە ڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕۆشنگەری لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٧دا، کە دیارترینیان زامنکردنی پێدانی زانیارییە بەهاووڵاتیان بەیەکسانی. (Hearns-Branaman, 2011) چەمکی دەسەڵاتی چوارەم بەمەبەستی گوزارشتکردن لە ڕاگەیاندن وەک جومگەیەکی بەهێز و کاریگەر لە کۆمەڵگەدا بەکارهێنراوە، کە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی بریتییە لە گواستنەوەی ئەو زانیارییانەی کە بۆ ڕای گشتی گرنگن. بیرمەندانی لیبراڵیزم جۆن لۆک و مۆنتیسکۆ بە داڕێژەر و بنیاتنەری فەلسەفەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان دادەنرێن، کە دواتر دەسەڵاتی ڕۆژنامەیان بۆ زیاد بو وەک دەسەڵاتێکی نافەرمی گرنگ. دەتوانرێت بوترێت لەڕوی ئامانجەوە داڕشتنی بیرۆکەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بریتی بو لەدروستکردنی هاوسەنگی لەنێوانیاندا، تاوەکو ڕێگری بکرێت لە پاوانخوازی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات. بەو پێیەی هەریەک لەم لقانە دەتوانن بەدواداچون بۆ کارەکانی یەکتر بکەن. (Bovens, 2014) بیرمەندانی لیبراڵیزم، کە داینەمۆی ڕۆشنگەری بون، بەردەوام گومانیان لە ڕاستگۆی حکومەت و دەسەڵاتدارانی سیاسی هەبوە، جەختیان لە بەهای کرانەوە و (بەگشتی بونی) زانیارییەکان بۆ هاووڵاتییان کردۆتەوە. ڕوانگەی ئەم ڕەوتە بۆ ئەرکی ڕۆژنامەوان بریتی بوە لە کارکردن لەپێناو بەرژەوەندی گشتی، لەڕێگەی چاودێریکردنی حکومەت و کەسایەتییە سیاسییەکانەوە.

مێژوی بەکارهێنانی چەمکی دەسەڵاتی چوارەم بیروبۆچونی جیاواز لەخۆدەگرێت. لە فەرهەنگیOxford Reference (2011) ئاماژە بە فەیلەسوفی بەریتانی ئێدمۆند بێرک دراوە وەک داهێنەری چەمکەکە لە ساڵی ١٧٨٧ دا. بەهەمان شێوە، ئینسایکۆلپیدیای کۆمیونیکەیشنی سیاسی باس لە بێرک دەکات، کە جەختیکردۆتەوە لەوەی، ڕۆژنامە گرنگترین ڕەگەزە لە کۆمەڵگەدا و پاسەوانی بەها سەرەکییەکانی دیموکراسیەت دەکات، هەروەها بەدواداچونی خراپ بەکارهێنانی هێز دەکات لەلایەن هەر سێ دەسەڵاتەکەی دیکەوە. مێژونوسی بەناوبانگی سکۆتلەندی تۆماس کارلایل لە ساڵی ١٨٤١دا ئەم بۆچونە پشتڕاست دەکاتەوە و دەنوسێت "بێرک وتی سێ دەسەڵات لە پەرلەماندا هەیە؛ بەڵام، لە گەلەری پەیامنێرانی ئەوێدا، دەسەڵاتی چوارەم دانیشتبو کە زۆر گرنگتر بو لە هەمویان" (Kaid et al., 2008) جیاواز لە بۆچونەکانی پێشتر خرانەڕو، مێژونوس دانیال بۆرستین دەنوسێت "لەساڵی ١٨٢٨دا، سیاسەتمەداری بەریتانی تۆماس ماکاولی چەمکی دەسەڵاتی چوارەمی بۆ گوزارشتکردن لەو گەلەرییە بەکارهێناوە، کە لە پەرلەماندا پەیامنێران تێیدا دانیشتون و ناویدەبات بە 'Fourth estate of the realm'." (Booristin,1961 16) ئەوەی خاڵی هاوبەشە لەنێوان ئەم بۆچونانە ئەوەیە،

دەسەڵاتی چوارەم بۆ ئەو سەردەمە بۆ ئاماژەدان بە گرنگی دەسەڵاتی ڕۆژنامەکان بەکارهێنراوە، وەک پاسەوانی بەها سەرەکییەکانی دیموکراسی لەڕێگەی ئاشکراکردنی لادانەکان و گواستنەوەی زانیارییە شاردراوەکان.

## ٢,٢. چاودێریکردن وەک کردەیەکی ڕۆژنامەوانی:

ئەگەرچی وەکو بیرۆکە چاودێریکردن لە ڕاگەیاندندا لە هەناوی ڕۆشنگەرییەوە لەدایک بو، بەڵام وەک کردەیەکی ڕۆژنامەوانی درەنگتر سەریهەڵدا. هەندێک لە مێژونوسان سەرەتای دەرکەوتنی ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان دەگەڕێننەوە بۆ ساڵی ١٦٩٠ کاتێک کە ڕۆژنامەیەکی ئەمریکی بەناوی ڕوداوەکانی ناوخۆ و دەرەوە (Occurrences, Both Foreign and Domestic) ئاشکرای کرد سەربازە فەرەنسییەکان بەشێوەیەکی دڕندانە لەلایەن هەندێک لە هۆزە هیندیە سورەکانەوە سزادراون کە هاوپەیمان بون لەگەڵ سوپای بەریتانیدا لە خاکی ئەمریکادا. (حسین،٢٠١٧) ئەمە لەکاتێکدایە، زۆربەی سەرچاوەکان باس لە چەند ساڵێک درەنگتر لەم مێژوە دەکەن و کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە تاوەکو سەدەی بیستەم، بە سەردەمی دەرکەوتنی ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان ناودەبەن. ئەوەی یەکلابۆتەوە پێگەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایە وەک سەرمەشقی وڵاتان بۆ دەرکەوتنی چاودێریکردن وەک کردەیەکی ڕۆژنامەوانی. بۆ نمونە لەوکاتەدا ناوەڕۆک وهەوێنی بابەتە بنکۆڵکارییەکان سەبارەت بە نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان بون، کە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان گیرۆدەی بون، وەکو هەژاری، کۆیلایەتی، تەندروستی گشتی، ئاسایش، مافەکانی ژنان و بارودۆخی بەندیخانەکان. لە سەدەی بیستەمدا چاودێرکاری ڕەنگدیدایەوە لە جۆرێکی نوێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی کە لە ئەمریکادا سەریهەڵدا بەناوی موکراکینگ (Muckraking)، کە گرنگی بە بابەتە هەستیار و ڕەخنەییەکان داوە. (Sterling, 2009) ، لەگەڵ هەنگاونانی جیهان بەرەو جەنگی جیهانی یەکەم و دواتر تێوەگلانی وڵاتان لە جەنگی جیهانی دوەم، ئاڕاستەی ڕوماڵە ڕۆژنامەوانییەکان لە چاودێریکردنی دۆخی ناوخۆ، بەدواداچونی کێشەکانی پەیوەست بە ژیانی هاووڵاتییان و ئاشکراکردنی گەندەڵی حکومی، گۆڕا بۆ ڕوماڵکردنی ڕوداوەکانی جەنگ.

دوابەدوای کۆتایهاتنی جەنگی جیهانی دوەم جارێکی دیکە بایەخێکی زۆر بە بابەتە بنکۆڵکارییەکان درا و بەهۆی ڕاگەیاندنەوە پەردە لەسەر چەندین ئابڕوچونی گەورە لە جیهاندا لادرا. ئاشکراکردنی حەوت هەزار دۆکیومێنتی پینتاگۆن لە ساڵی ١٩٧١ دا لە لایەن ڕۆژنامەی نیۆرک تایمزەوە یەکێک بو لە ڕوداوە مێژوییەکان کە بەهای ڕۆڵی چاودێریکردن لە وڵاتێکی دیموکراسی وەکو ئەمریکادا دەردەخات. ئەم دۆکیومێنتانە هەڵگری چەندین زانیاری نهێنی حکومەتی ئەوکاتە بون سەبارەت بە جەنگی دوەمی جیهانی و جەنگی ڤێتنام. یەکێکی دیکە لە کارە بنکۆڵکارییەکان ڕوداوی بەناوبانگی ئابڕوچونی وەتەرگەیت بو، کە ئاشکرای کرد سەرۆکی ئەمریکا ڕیچارد نیکسن، بە نهێنی لە ڕێگای کامێرای شاراوە، چاودێری ڕکابەرەکانی لە پارتی دیموکراتەکان کردوە، کە لە کتێبێکدا بەناونیشانی (All the President's Man) بڵاوکرایەوە، تێیدا هەردو ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری (بۆب ودوارد و کار بینشتاین) باس لە کاری بەدواداچونەکانیان لەسەر بابەتەکە دەکەن. لەدەرئەنجامی ئەم بەدواداچونە، نیکسن دەستی لەکارکێشایەوە.

Feldman & Eichenthal (2014) نمونەیەکی دیکەی زیندو بۆ دەرخستنی گرنگی بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانەی سروشتی چاودێرکارییان هەیە، دەخەنەڕو کە چیرۆکە ڕۆژنامەوانییەکانی ڕۆژنامەنوس (سیمور هێرش) بو، کە لەساڵی ٢٠٠٤دا بەناونیشانی ئەشکەنجەدان لە ئەبوغرێب (TORTURE AT ABU GHRAIB) لە ڕۆژنامەی زە نیویۆرکەری ئەمریکی بڵاوکرایەوە، تێیدا باس لە مامەڵەی خراپی سەربازە ئەمریکییەکان لەگەڵ زیندانییە عێراقییەکان دەکات؛ بە

بەڵگەوە ئەشکەنجەدان و دەستدرێژیکردنی دەرونی، جەستەیی و سێکسی بۆ سەر زیندانییەکان و دەخاتەڕو. بڵاوبونەوەی بابەتەکە بوە هۆی سزادانی تۆمەتباران لەلایەن حکومەتی ئەمریکاوە. (Hersh, 2004)

**ڕاگەیاندنی بینراو لە هەرێمی کوردستان و ڕۆڵی چاودێریکردن لە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکاندا:**

ڕاگەیاندنی بینراو لە هەرێمی کوردستاندا بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیوە. پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و پێکهێنانی یەکەمین کابینەی حکومەت، چەندین کەناڵی تەلەڤزیۆنی ناوخۆیی لەلایەن پارتە سیاسییە کوردییەکان دامەزران. لە شاری سلێمانی و لە ساڵی ١٩٩١دا کەناڵی گەلی کوردستان، کە زمانحاڵی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بو دەستی بە پەخش کرد، لەساڵی ١٩٩٢ دا کەناڵی کوردستان تیڤی لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری هەولێر دامەزرا. پەیامەکانی ئەم کەناڵانە ڕەنگدانەوەی ئەجێندای حیزب و زمانحاڵی خاوەندارەکانیان بون. (Hussein, 2018 & Taha 2020) لەو کاتەدا، ئەرکەکانی ڕاگەیاندن بریتی بون لە، بەدەستهێنانی پشتگیری هاووڵاتیان بۆ ڕوبەڕوبنەوەی ڕژێمی بەعس، وەستانەوە دژی هەڵمەتە میدیایی و سیاسییەکان دژی گەلی کورد، ڕوماڵکردنی چالاکییەکانی حکومەت و پەرلەمان و پیشاندانی ئەو ستەمانەی بەرامبەر گەلی کورد ئەنجامدراون بە مەبەستی ئەرشیفکردنیان. (Syan, 2017) نوسەری کورد بەختیار عەلی بۆچونی وایە ڕاگەیاندنی کوردی لەم قۆناغەدا، ڕۆڵێکی خراپی هەبوە و بەشداربوە لە پەلکێشکردنی کۆمەڵگە بەرەو لێواری شەڕی ناوخۆ. (ڕەسوڵ، ٢٠٠٨) دوابەدوای سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆش لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا بە تەواوی مۆرکی حیزبایەتی باڵی بەسەر ڕوماڵی تەلەڤزیۆنەکان و ڕەنگیدایەوە لە بابەتە ڕۆژنامەوانییەکاندا کێشا.

پاش کۆتایی هاتنی شەڕ لە ساڵی ١٩٩٩ بەدواوە ڕاگەیاندن چوە قۆناغێکی نوێوە. چەند ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆ دروستبون، وەک ڕۆژنامەکانی (هاووڵاتی) و (ئاوێنە) کە بابەتی بنکۆڵکارییان لەسەر گەندەڵییە سیاسی و ئابورییەکان بڵاودەکردەوە. پاش پرۆسەی ئازادیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ بەدواوە، بیرۆکەی چاودێریکردن و دەرکەوتنی بابەتە بنکۆڵکارییەکان زیاتر گەشەیان کرد؛ بەدواداچونەکان بونە خەسڵەتێکی دیاری ڕاگەیاندنی کوردی. تێڕوانینی زۆربەی ڕۆژنامەوانان بۆ پیشەکەیان ڕەنگدانەوەی بەهاکانی ڕۆژنامەوانی لیبراڵ دیموکرات بو کە گرنگترینیان چاودێریکردنی کاروبارەکانی حکومەتە. ( Relly et al., 2015) دەتوانرێت ئەمەش بەو شێوەیە لێکدانەوەی بۆ بکریت، لەو کاتەدا ژمارەیەک پاڵپشتیی دارایی نێودەوڵەتی لەلایەن وڵاتانی هاوپەیمانانەوە کە کارئەکتەری سەرەکی پرۆسەی ئازادی عێراق بون بۆ پشگیریکردنی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ و چەسپاندنی بەها دیموکراسییەکان لە ناوچەکەدا تەرخانکرا. جگە لەوە، پاش دامەزراندنی کۆمپانیای وشە لەلایەن بزوتنەوەی گۆڕانەوە وەک یەکەم پارتی ئۆپۆزیسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا، ڕاگەیاندنی بەرهەڵستکار سەریهەڵدا (Gharib, 2016) هەروەها لەو ساڵانەدا چەندین کەناڵی ناوخۆیی و ئاسمانی دامەزران، کە زۆربەیان لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە پاڵپشتی دارایی دەکران. لەساڵی ٢٠١١دا کەناڵی ئاسمانی (NRT)، وەک یەکەمین کەناڵ کە خاوەنداری دەکرا لەلایەن کەرتی تایبەتەوە، پەخشی دەستپێکرد. لە ئێستاشدا ٣١ کەناڵی ئاسمانی لە باشوری کوردستان پەخش دەکەن. (جەلال، ٢٠٢٣)

زانیاری فەرمی سەبارەت بە سەرچاوەی دارایی ئەم کەناڵە تەلەڤزیۆنییانە لەبەردەستدا نییە، بەڵام بەشێک لە توێژینەوەکانی پێشو، ڕاگەیاندنیان لە هەرێمی کوردستاندا بەپێی لایەنی پارەدارکردن و بونیادی خاوەندار بۆ سێ جۆر پۆلێنکردوە. (Reporters Without Borders, 2010; Hussein, 2018 and Taha,2020)ئەوانیش بریتین لە، ڕاگەیاندنی حیزبی، کە ڕاستەوخۆ لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە (پارتە دەسەڵاتدارەکان و پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکان)ەوە پاڵپشتی دارایی

دەکرێن، وەکو کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان و کەناڵی کەی ئێن ئێن. جۆری دوەم، بریتییە لەو دامەزراوانەی کە ناڕاستەوخۆ لەلایەن کەسایەتییە سیاسی وحکومییەکانی وەکو، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەت، پاڵپشتی دارایی دەکرێن کە ناسراون بە (میدیای سێبەر) وەکو تۆڕی میدیایی ڕوداو، دامەزراوەی میدیای نالیا و دامەزراوەی کوردستان ٢٤. (Taha, 2020) جۆری سێیەم، ئەو دامەزراوە ڕاگەیاندنانەن کە بەتەواوی پشتیان بە ڕیکلام یاخود پاڵپشی دارایی نێودەوڵەتی بەستوە، وەکو ماڵپەڕەکانی هاووڵاتی و ئاوێنە. بەپێ ئەم پۆلێنکردنە، لەئێستادا هیچ کەناڵێکی ئاسمانی تەلەڤزیۆنیی هەواڵیی ئەهلی لە هەرێمی کوردستاندا نییە، ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکان زۆری بڕی تێچوی دامەزراندن و ئیدارەدانی کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکان بێت کە تەنها پارتە سیاسییەکان و کەسایەتییە سیاسییەکان توانای کۆنترۆڵکردنیان هەیە.

لەڕوی پۆلێنکردنی ڕاگەیاندنی بینراو بەپێی سروشتی ئەو بابەتانەی کە بڵاویدەکەنەوە، تائێستا ئامارێکی ورد لە هەرێمی کوردستاندا لەبەردەستدا نییە. بەڵام دەتوانرێت بوترێت بە تەماشاکردنی بەشی (ئێمە کێین) لەسەر ماڵپەڕی کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکان و تێبینی توێژەران، لەنێوان کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا، هەشت کەناڵ زۆرترین ماوەی پەخشیان بۆ پێدانی زانیاری و هەواڵ لەسەر دۆزە گشتییەکان و ئەو بابەتانەی پەیوستن بە ژیانی هاووڵاتییانەوە دابین کردوە. ئەوانیش بریتین لە کەناڵەکانی (گەلی کوردستان، پەیام، کەی ئێن ئێن، سپێدە، ئێن ئار تی، ڕوداو، کوردستان ٢٤ و کوردسات نیوز).

بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان دەتوانن ڕۆڵێکی سەرەکی لە چاودێریکردنی کاروبارەکانی حکومەتدا بگێڕن و لەدەرئەنجامدا تێڕوانینێکی ڕون بە هاووڵاتییان سەبارەت دۆزە گشتییەکان ببەخشن. بەتایبەت لە ڕێگەی ڕوماڵکردن و بنکۆڵکردنی چالاکی، سیاسەت و بڕیارەکانی حکومەت، گەیاندنی دەنگی هاووڵاتیان. هەروەها میوانداریکردنی بەرپرسان، پسپۆڕان، شرۆڤەکاران بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرسە گشتییەکان. هەرچەندە لێکۆڵینەوە لە ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی، بەدواداچون و چاودێریکردن لە ڕاگەیاندنی کوردیدا جێگەی بایەخی بەشێک لە توێژەران بوە (هێرش،٢٠١١؛ ارشد، ٢٠١٢؛ دەشتی، ٢٠١٧؛ ئاشتی، ٢٠١٧ و جوان، ٢٠٢٢)، بەڵام تائێستا هیچ توێژینەوەیەک سەبارەت بە ڕۆڵی چاودێرکاری لە کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکاندا، بەتایبەت لە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکاندا کە بابەتی ئەم توێژینەوەیە لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجام نەدراوە. ئەمە لەکاتێکدایە، کە بەشێک لە کەناڵە تەلەڤزیۆنییە کوردییەکان بە ئەندازەی جیاواز ڕوبەری بەرنامە ڕۆژانە و هەفتانەکانیان بۆ خستنەڕوی دۆز و بابەتە هەنوکەییەکانی ڕۆژ سەبارەت بە کاروبارەکانی حکومەت تەرخانکردوە و بینەری کورد بۆ بەدەستهینانی زانیاری پشتیان پێدەبەستن.

### باسی سێیەم: ڕاپێوی دەستەبژێری میدیایی سەبارەت بە ڕۆڵی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان لە چاودێریکردنی کاروبارەکانی حکومەتدا

لەم باسەدا توێژەران ئەنجامەکانی فۆڕمی ڕاپێوی توێژینەوەکە دەخەنەڕو، کە خۆی دەبینێتەوە لە ڕاوبۆچونی بەرتوێژان سەبارەت بە ڕۆڵی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان لە چاودێریکردنی کاروبارەکانی حکومەتدا.

#### ١,٣. تایبەتمەندی بەرتوێژان:

لەڕێگەی خشتەیەكی (لێكدراو) زانیاری تایبەتی بەشداربوانی ڕاپێوییەكە دەخرێنەڕو، كە پێكدێن لە (پارێزگا، ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندن، جۆری دامەزراوە و ئاڕاستەی سیاسی) بەرتوێژان، بڕوانە خشتەی (١)

٣،١،١. **پارێزگا:** بە پلەی یەكەم، (٨٥) بەرتوێژ كە ڕێژەی (٦٩،٧%)ی بەشدارانی ڕاپێوییەكە پێكدەهێنن، نیشتەجێی پارێزگای سلێمانیین. بە پلەی دووەم، (٢٩) بەرتوێژ دانیشتوی پارێزگای هەولێرن. تەنها (٦) لە بەرتوێژان نیشتەجێی پارێزگای دهۆكن. كەمترین ئاستی بەشداربون لە پارێزگای هەڵەبجەیە كە (٢) بەرتوێژە بە ڕێژەی (١،٦%).

٣،١،٢ **ڕەگەزی بەرتوێژان:** لەكۆی (١٢٢) بەرتوێژ، بەشدارانی نێر بە پلەی یەكەم دێن و ژمارەیان(٩٥)كەسە كە ڕێژەی (٧٧،٩%) پێكدەهێنن. (٢٧) بەرتوێژ لە ڕەگەزی مێن بە ڕێژەی(٢٢،١%). هەروەها ئەنجامەكان دەریدەخەن كە بەشدارانی ژن لە توێژینەوەكەدا ئاستێكی نزمی هەیە، توێژەران بەو شێوەیە لێكدانەوەی بۆ ئەم ئەنجامە دەكەن، تائێستا ژنان لە بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵا لە ڕاگەیاندن و پەیوەندییە گشتییەكاندا وەك پیاوان دەرفەتییان نەبوە، جگەلەوە ژنان بەشدارییەكی بەرچاوییان نییە لەناوەندەكانی بڕیاردان و بەڕێوەبردنی پۆستە باڵاكان لە دامەزراوەكانی ڕاگەیاندندا.

٣،١،٣ **تەمەنی بەرتوێژان:** بە پلەی یەكەم بەرتوێژان تەمەنیان ٣٥-٣٩ ساڵە كە ژمارەیان (٣٢) بەرتوێژە. (٢٩) بەشداربو تەمەنیان لەنێوان ٤٠-٤٤ ساڵدایە.(٢٨) بەرتوێژ تەمەنیان ٥٠ ساڵ و زیاترە. (١٨) بەشداربو تەمەنیان ٤٥-٤٩ ساڵە، (١٤) بەرتوێژ تەمەنیان ٣٠-٣٤ ساڵە. یەك كەس تەمەنی خوار ٢٩ ساڵە. بەگشتی (٧٧ %) بەرتوێژان تەمەنییان خوار ٥٠ ساڵە.

٣،١،٤. **ئاستی خوێندنی بەرتوێژان:** زۆرینەی نمونەی توێژینەوەكە هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و دكتۆران (٤٣) ماستەر و (٤٣) دكتۆرا. (٢٤) بەرتوێژ خاوەنی بڕوانامەی بەكالۆریۆسن. (٣) بەشداربو هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیین. هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆمی هونەریی و ئامادەیی ڕێژەیەكی كەمی بەشداران پێكدەهێنن. ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی لە بەشێك لە دامەزراوەكانی ڕاگەیاندندا بڕوانامە پێوەر نییە بۆ وەرگرتنی پۆستەكانی وەكو، بەڕێوبەر، خاوەن ئیمتیاز یان سەرنوسەر.

٣،١،٥. **جۆری دامەزراوەی كاركردنی بەرتوێژان:** زۆرینەی نمونەی ڕاپێوییەكە لە ناوەندە ئەكادیمییەكاندا كاردەكەن كە ژمارەیان (٧٥) بەرتوێژە بە ڕێژەی (٦١،٥%)، هەروەها (٤٧) بەشداربو لە ناوەندە میدیاییەكان كار دەكەن كە ڕێژەی (٣٨،٥%) دەكات.

٣،١،٦. **ئاڕاستەی سیاسی بەرتوێژان** وەك دەردەكەوێت زۆرینەی بەشدارانی توێژینەوەكە (٦٩) كە ڕێژەی (٥٦،٦%) دەكات خۆیان بە بێلایەن ناساندوە، هەروەها (٥٣) بەشداربو بە ڕێژەی (٤٣،٤%) وەك لایەندار خۆیان ناساندوە.

**خشتەی (١)**

**تایبەتمەندی بەرتوێژان**

| تایبەتمەندییەكانی بەرتوێژان | | ژمارە | % |
|---|---|---|---|
| پارێزگا | هەولێر | ٢٩ | %٢٣،٨ |
| | سلێمانی | ٨٥ | %٦٩،٧ |
| | دهۆك | ٦ | %٤،٩ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | هەڵەبجە | ٢ | %١,٦ |
| ڕەگەز | نێر | ٩٥ | %٧٧,٩ |
| | مێ | ٢٧ | %٢٢,١ |
| تەمەن | خوار ٢٩ساڵ | ١ | %٠,٨ |
| | ٣٠-٣٤ ساڵ | ١٤ | %١١,٥ |
| | ٣٥-٣٩ ساڵ | ٣٢ | %٢٦,٢ |
| | ٤٠-٤٤ ساڵ | ٢٩ | %٢٣,٨ |
| | ٤٥-٤٩ ساڵ | ١٨ | %١٤,٨ |
| | ٥٠ ساڵ و زیاتر | ٢٨ | %٢٢,١٠ |
| | ئامادەیی | ٣ | %٢,٥ |
| | دبلۆمی هونەری | ٨ | %٦,٦ |
| | بەکالۆریۆس | ٢٤ | %١٩,٧ |
| | دبلۆمی باڵا | ١ | %٠,٨ |
| | ماستەر | ٤٣ | %٣٥,٣ |
| | دکتۆرا | ٤٣ | %٣٥,٣ |
| جۆری دامەزراوە | دامەزراوە میدیاییەکان | ٤٧ | %٣٨,٥ |
| | ناوەندە ئەکادیمییەکان | ٧٥ | %٦١,٥ |
| ئاڕاستەی سیاسی | لایەندار | ٥٣ | %٤٣,٤ |
| | بێلایەن | ٦٩ | %٥٦,٦ |

### ٢,٣. بەرکەوتنی بەرتوێژان بە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان کە بابەتە پەیوەندیدارەکان بە حکومەت باس دەکەن

### ١,٢,٣. ئاستی تەماشاکردنی بەرتوێژان بۆ بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان سەبارەت بە کاروبارەکانی حکومەت

زۆرینەی بەشداران کە ژمارەیان (٦٨) بەرتوێژە بە ڕێژەی (%٥٥,٧) (هەندێکجار) تەماشای بەرنامەکان دەکەن. لە پلەی دووەمدا بژاردەی (بەردەوام) دێت کە (٣٤) بەرتوێژ دەنگیان پێداوە. (٢٠) کەس لە نمونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (%١٦,٤) (بەدەگمەن) تەماشای ئەو بەرنامانە دەکەن کە سەبارەت بە حکومەت لە کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکاندا پەخشدەکرێن. زۆرینەی دەستەبژێری میدیایی لەهەرێمی کوردستاندا بە بەردەوامی بینەری ئەو بەرنامانە نین کە باس لەکاروبارەکانی حکومەت دەکەن، بەڵکو تەماشاکردنیان بۆ ئەو بەرنامانە بەشێوازێکی پچڕ پچڕە. تەنانەت نزیکەی چارەکێکی نمونەی توێژینەوەکە (بەدەگمەن) تەماشایان دەکەن. ئەمەش تاڕادەیەک جێگەی نیگەرانییە، چونکە چاوەڕواندەکرێت بەهۆی سروشتی کارەکەیانەوە ئاستی بەرکەوتنی دەستەبژێری میدیایی بە بەرنامەکان کە باسی کاروبارەکانی حکومەت دەکەن (بەردەوام) یاخود (هەندیکجار) بێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ناتوانرێت ئەمە بەو شێوازە لێکبدرێتەوە کە بەرتوێژان بەدواداچون بۆ کاروبارەکانی حکومەت ناکەن، بەڵکو ڕەنگە ئامرازەکانیتری ڕاگەیاندن بەکاربهێنن.

**خشتەی (٢)**

**ئاستی تەماشاکردنی بەرتوێژان بۆ ئەو بەرنامانەی سەبارەت بە کاروبارەکانی حکومەت لە کەناڵە تەلەڤزیۆنیەکاندا پەخشدەکرێن**

| بگۆڕەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلەکان |
|---|---|---|---|
| بەردەوام | ٣٤ | ٪٢٧,٩ | دوەم |
| هەندێکجار | ٦٨ | %٥٥,٧ | یەکەم |
| بەدەگمەن | ٢٠ | ٪١٦,٤ | سێیەم |
| کۆی گشتی | ١٢٢ | %١٠٠ | - |

**٢-٢: ڕێگاکانی تەماشاکردنی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان لەسەر کاروبارەکانی حکومەت لەلایەن بەرتوێژانەوە**

بەشداربوان ڕێگەیان پێدراوە لە وەڵامدا (زیاد لە بژاردەیەک هەڵبژێرن)، هەر ئەمەش هۆکارە کە کۆی گشتی وەڵامەکان زیاتربێت لە (١٢٢)، (پەخشکردنەوەی بەرنامەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا) لە پلەی یەکەمدادێت.بە پلەی دوەم (تەلەڤزیۆن) دێت. لە پلەی سێیەمدا (ماڵپەڕی فەرمی کەناڵەکان) دێت کە (٣٧) جار هەڵبژێردراو. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن دەستەبژێری میدیایی بۆ تەماشاکردنی ئەو بەرنامانەی باسی کاروبارەکانی حکومەت دەکەن زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە. دەکرێت ئەمە ئاماژەیەکی گرنگبێت بۆئەوەی کە پێشکەوتنە دیجیتاڵییەکان بینەری ڕاگەیاندنی تەقلیدیان کەمکردۆتەوە. هەروەها ڕونی دەکاتەوە کە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنی تەقلیدی لە هەرێمی کوردستاندا لەم گۆڕانکارییە تیگەیشتون و کاریگەری هەبوە لەسەر سیاسەتی بڵاوکردنەوەیان کە پەخشکردنەوەی بەرنامەکانیانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا. لەهەمان کاتدا، ئەنجامەکان دەریدەخەن کە بەدواداچونی ماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکان لە هەرێمی کوردستاندا گرنگی ئەوتۆی پێنادرێت، ئەگەرچی ڕوبەرێکی فراوانیان دابینکراون بۆ پەخشی ڕاستەوخۆی بەرنامەکان و ئەرشیفکردنیان.

**خشتەی (٣)**

**ڕێگاکانی تەماشاکردنی بەرنامەکانی کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکان لەسەر کاروبارەکانی حکومەت لەلایەن بەرتوێژانەوە**

| ئامرازەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلەکان |
|---|---|---|---|
| تەلەڤزیۆن | ٧٠ | ٪٣٦,١ | دوەم |
| ماڵپەڕی فەرمی کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکان | ٣٧ | ٪١٩,١ | سێیەم |
| پەخشکردنەوەی بەرنامەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا | ٨٧ | %٤٤,٨ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ١٩٤ | %١٠٠ | - |

**٢,٢,٣. پاڵنەرەکانی تەمەشاکردنی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان لەسەر پرسە پەیوەندیدارەکان بە حکومەتەوە لەلایەن بەرتوێژانەوە**

پاڵنەرەکانی تەماشاکردنی نمونەی توێژینەوەکە بۆ ئەو بەرنامە تەلەڤزیۆنیانەی لەسەر پرسە پەیوەندیدارەکان بە کاروبارەکانی حکومەت پەخشدەکرێن جیاوازە، لە فۆڕمی ڕاپێوییەکەدا ڕێگەدراوە بە بەرتوێژان کە بتوانن (زیاد لە بژاردەیەک هەڵبژێرن). (بەدەستهێنانی زانیاری نوێ لەسەر بڕیارەکانی حکومەت) لە پلەی یەکەمدادێت کە (٧٦) کەس هەڵیانبژاردوە. لە پلەی دوەمدا (٦٩) بەشداربو بژاردەی (سروشتی کارەکەم وادەخوازێت تەماشایان بکەم)یان هەڵبژاردوە. لە پلەی سێیەمدا (٦٢) بەرتوێژ (بۆ ئاگاداربون لە کەموکوڕی وکەمتەرخەمییەکانی حکومەت) تەماشای بەرنامەکان دەکەن.بژاردەی (گفتوگۆی ڕۆژانەی کەسانی دەوروبەرم لەبارەی پرسەکانی پەیوەست بە دامودەزگاکانی حکومەت هانم دەدەن تەماشایان بکەم) کەمترین جار هەڵبژێردراوە.

**خشتەی (٤)**

**پاڵنەرەکانی تەماشاکردنی بەرتوێژان بۆ ئەو بەرنامە تەلەڤزیۆنیانەی لەسەر پرسە پەیوەندیدارەکان بە کاروبارەکانی حکومەت پەخشدەکرێن**

| بگۆڕەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلەکان |
|---|---|---|---|
| بەئاگابون لە پرۆژە گشتی و خزمەتگوزارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. | ٥٤ | %١١,٨ | چوارەم |
| بەدەستهێنانی زانیاری نوێ لەسەر بڕیارەکانی حکومەت. | ٧٦ | %١٦,٧ | یەکەم |
| بەدەستهێنانی زانیاری سەبارەت بە بەرپرسیارێتی حکومەت بەرامبەر بە دۆخی هاووڵاتییان. | ٤٢ | %٩,٢ | پێنجەم |
| ئاگاداربون لە کەموکوڕی و کەمتەرخەمییەکانی حکومەت. | ٦٢ | %١٣,٦ | سێیەم |
| زانینی سیاسەت و پرۆگرامی پارتە سیاسییە کوردییەکانی بەشدار لە حکومەتدا. | ٢٥ | %٥,٥ | نۆیەم |
| حەزدەکەم گوێ لە ڕەخنە و گلەییەکان بگرم کە ئاڕاستەی حکومەت دەکرێن. | ٣١ | %٦,٨ | حەوتەم |
| بۆئەوەی دواتر لەسەر بابەتەکان لەگەڵ دەوروبەرەکەم گفتوگۆ بکەم. | ١٨ | %٣,٩ | دەیەم |
| گفتوگۆی ڕۆژانەی کەسانی دەوروبەرم لەبارەی پرسەکانی پەیوەست بە دامودەزگاکانی حکومەت هانم دەدەن تەماشایان بکەم. | ١٦ | %٣,٥ | یانزەیەم |
| تامەزرۆییم بۆ بیستنی چارەسەر و نەخشەرێگایەك بۆ دەرچون لە قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان. | ٣٥ | %٧,٧ | شەشەم |
| بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریم سەبارەت بە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕوداو و پێشهاتەکان. | ٢٨ | %٦,١ | هەشتەم |
| سروشتی کارەکەم وادەخوازێت تەماشایان بکەم. | ٦٩ | %١٥,١ | دوەم |
| کۆی گشتی | ٤٥٦ | %١٠٠ | - |

**٤,٢,٣. ئەو بابەتانەی جێگەی بایەخی بەرتوێژان بون لە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکاندا سەبارەت بە کاروبارەکانی حکومەت**

خشتەی ژمارە (٥) تایبەتە بەو بابەتانەی کە جێگەی بایەخی بەرتوێژان بون و لە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکاندا خراونەتەڕو، بەشداربوان سەرپشککراون لە هەڵبژاردنی زیاد لەوەڵامێک. لە پلەی یەکەمدا (بودجە و ئابوری هەرێم و عێراق) دێت کە (٧٨) بەشداربو هەڵیانبژاردوە. لە پلەی دوەمدا بەهەمان شێوە بابەتێکیتری ئابوری دێت کە (موچەی فەرمانبەرانی حکومی)یە و لەلایەن (٧٤) بەرتوێژەوە هەڵبژێردراوە. لە پلەی سێیەمدا (ئازادی ڕادەربڕین) دێت.. لە کۆتا پلەدا (کۆبونەوە و چالاکی حکومەت) دێت کە تەنها (١١) بەشداربو هەڵیانبژاردوە. زۆرینەی بەرتوێژان گرنگییان بە بابەتە ئابورییەکان داوە، کە پەیوەندییان بە حکومەتەوە هەبوە و لە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکاندا، وەکو (بودجە و ئابوری هەرێم و عێراق) لەگەڵ (موچەی فەرمانبەرانی حکومی). ئەمەش تارادەیەک ئەنجامێکی چاوەڕوانکراوە، بەتایبەت بەهۆی ئەوەی، کێشەکانی ناردنی بودجە و ڕێکنکەوتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق ماوەی چەند ساڵێکە بەردەوامە و کاریگەری بەسەر ژیانی هاووڵاتییان بەجێهیشتوە. دواکەوتنی موچە یەکێکە لە کێشە هەنوکەییەکان کە لەهەمان کاتدا کێشەی بەشێک لە نمونەی توێژینەوەکەیە بەوپێیەی خۆیان فەرمانبەری حکومین. (کۆبونەوە و چالاکی حکومەت) لە کۆتا پلەی ئەو بابەتانەدا دێت کە جێگەی بایەخی بەرتوێژان بوە. دەکرێت یەکێک لە هۆکارەکان ئەوە بێت، لە ساڵانی ڕابردودا چەندین چالاکی و کۆبونەوەی حکومەت لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا باسکراون، بەڵام بڕیار و ئەنجامەکانییان گۆڕانکارییەکی ئەوتۆیان لە ژیان و گوزەرانی هاووڵاتییاندا دروست نەکردوە.

**خشتەی (٥)**

**ئەو بابەتانەی کە بەرتوێژان گرنگی پێدەدەن و لە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکاندا سەبارەت بە حکومەت دەخرێنەڕو**

| بابەت | ژمارە | % | پلەکان |
|---|---|---|---|
| موچەی فەرمانبەرانی حکومی | ٧٤ | %٩,٣ | دوەم |
| بودجە و ئابوری هەرێم و عیراق | ٧٨ | %٩,٨ | یەکەم |
| بازاڕ و نرخی شتومەک و خزمەتگوزاری | ٥٠ | %٦,٣ | حەوتەم |
| ڕێگاوبان | ٤١ | %٥,٢ | نۆیەم |
| کێشەی ئاو | ٢٩ | %٣,٧ | چواردەیەم |
| کێشەی سوتەمەنی | ٣٦ | %٤,٥ | یازدەیەم |
| بازاڕ و کوالیتی دەرمان | ٣٩ | %٤,٩ | دەیەم-١ |
| ناکۆکییەکانی نێوان لایەنە بەشدارەکانی حکومەت | ٥٧ | %٧,٢ | شەشەم |
| نیشتەجێبون | ٣٣ | %٤,٢ | دوازدەیەم |
| بێکاری | ٢٦ | %٣,٣ | پازدەیەم |
| گەندەڵی ئیداریی | ٦٢ | %٧,٨ | چوارەم |
| گەندەڵی داراییی | ٥٩ | %٧,٤ | پێنجەم |
| کێشەی کارەبا | ٣٩ | %٤,٩ | دەیەم -٢ |
| داهاتی خاڵە سنورییەکان | ٣٠ | %٣,٨ | سیازدەیەم |
| ئاسایشی خۆراک | ٤٨ | %٦ | هەشتەم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| کارەساتە سروشتییەکان | ١٧ | %٢,١ | شازدەیەم |
| ئازادی ڕادەربڕین | ٦٦ | %٨,٣ | سێیەم |
| کۆبونەوەو چالاکی و حکومەت | ١١ | %١,٤ | حەڤدەیەم |
| کۆی گشتی | ٧٩٥ | %١٠٠ | - |

### ٥,٢,٣. ئەو بەرنامە تەلەڤزیۆنییانەی بەرتوێژان بۆ ئاگاداربون لە کاروبارەکانی حکومەت تەماشای دەکەن

لەسەر ئاستی سەرجەم بەرنامەکانی کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەکان، بەرنامەکانی کەناڵی ئاسمانی ڕوداو بە کۆی گشتی لە پلەی یەکەمی ڕیزبەندی بەرنامەکانی کەناڵەکانی ترەوەن. کە (١٥٣) ی بەرتوێژان هەڵیانبژاردوە. لە پلەی دوەمدا بەرنامەکانی کەناڵی ئاسمانی ئێن ئار تی دێن (١١١) ی کۆی دەنگی بەرتوێژانییان هێناوە. لە پلەی سێیەمدا بەرنامەکانی کەناڵی ئاسمانی کوردستان ٢٤ دێن. بەرنامەکانی هەردو کەناڵی ئاسمانی سپێدە (٢٠) و پەیام (٢٠) کەمترین دەنگیان هێناوە. سەبارەت بە پلەی بەرنامەکان لەسەر ئاستی کەناڵەکان، بەرنامەی (لەگەڵ ڕەنج) لە کەناڵی ئاسمانی ڕوداو بە دەنگی(٨٦) بەشداربو لەنێوان سەرجەم بەرنامەکانی ئەو کەناڵەدا پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە. بەرنامەی (تاوتوێ) لە کەناڵی ئاسمانی ئێن ئاڕ تی لە پلەی یەکەمی بەرنامەکانی ئەو کەناڵەدایە کە بەڕای (٨٢)ی بەرتوێژان زۆرترین چاودێری کاروبارەکانی حکومەتی کردوە. هەروەها بەرنامەی (بنکۆڵ) لە پلەی یەکەمی بەرنامەکانی کەناڵی ئاسمانی کوردستان ٢٤دا دێت. بەرنامەی (پانۆراما) لە کەناڵی ئاسمانی کوردسات نیوز زۆرترین دەنگی هێناوە.

ئەم ئەنجامە دەریدەخات بەرنامەکانی کەناڵی ئاسمانی ڕوداو لە پلەی یەکەمدا دێن، کە بەرتوێژان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و ئاگاداربون لە کاروبارەکانی حکومەت تەماشایان دەکەن. توێژەران ئەمە بەو مانایە لێکدەدەنەوە کە ڕوماڵی ئەم کەناڵە بە گشتی و بەرنامەکانی بەتایبەتی زۆرترین بایەخییان بە بابەتە پەیوەندیدارەکان بە حکومەت دابێت، هەروەها زۆرترین کاربەدەستی حکومییان بانگهێشتی بەرنامەکان کردبێت، لیکدانەوەیەکی تری توێژەر ئەوەیە، بەهۆی نزیکی کەناڵەکە لە نێچیرڤان بارزانی کە پێشتر پۆستی سەرۆکی حکومەت و لە ئێستادا سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، دەستەبژێران وەک زمانحاڵی حکومەت لە کەناڵەکە دەڕوانن و پشتی پێدەبەستن بۆ زانینی هەڵوێستی لایەنی بەرپرس. هۆکارێکیتر پەیوەندی بە شێوازی چارەسەرکردنی ڕۆژنامەوانی و شیوازی پیشکەشکردنی بەرنامەکانی ئەم کەناڵەوە هەیە کە بەردەوام لە خۆنوێکردنەوەدان.

لە پلەی دوەمدا بەرنامەکانی کەناڵی ئاسمانی (ئێن ئار تی) دێن کە ئەمەش ئەنجامێکی چاوەڕوانکراوە، بەو پێیەی سیاسەتی کەناڵەکە لەکاتی دامەزراندنییەوە وەک یەکەمین کەناڵی ئاسمانی هەواڵیی ئەهلی، تاوەکو ئێستا کە لەلایەن سەرۆکی پارتێکی ئۆپۆزیسیۆنەوە پاڵپشتی دارایی دەکرێت بریتی بوە لە بەدواداچون و چاودێریکردنی کاروبارەکانی حکومەت. هەروەها لە ئێستادا ئەم سیاسەتە بە ڕونی دەردەکەویت، کە ئەمەش هۆکارێکە بۆئەوەی بەرنامەکانی لە پلەی دوەمی تەماشاکردندابن لەلایەن نمونەی توێژینەوەکە.

بەرنامەکانی کەناڵی ئاسمانیی کوردستان ٢٤ لە پلەی سێیەمدا دێن و پێش بەرنامەکانی کەناڵەکانی، کەی ئێن ئێن، پەیام و سپێدە کەوتون، ئەمە لەکاتێکدایە کە سەرچاوەی پاڵپشتی دارایی کەناڵی ئاسمانی کوردستان ٢٤ دەگەڕێتەوە بۆ سەرۆکی

كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان، كە بەم پێوەرە ئەگەری زیاترە زۆرترین بابەت لەسەر حكومەت بڵاوبكاتەوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت كە ڕۆڵی چاودێرییان گێڕابێت. بەڕای توێژەران ڕیزبەندییە بەو مانایە نایەت كە تاكە هۆكار ئەوەبێت بەرنامەكان زۆرترین بابەتیان سەبارەت بە حكومەت خستۆتەڕو، بەڵكو چەندین فاكتەری وەكو ئاڕاستەی سیاسی، ئەزمون و تەمەن، پیداویستییەكانی بەرتوێژان كاریگەرن لە هەڵبژاردنی بەرنامەكان و كەناڵەكان بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر كاروبارەكانی حكومەت.

**خشتەی (٦)**

**ئەو بەرنامە تەلەڤزیۆنییانەی بەرتوێژان تەماشای دەكەن بۆ ئاگاداربون لە كاروبارەكانی حكومەت**

| ناوی كەناڵی تەلەڤزیۆنی | بگۆڕەكان | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلەكان |
|---|---|---|---|---|
| گەلی كوردستان | خۆژێنی | ٤ | %٢٣,٥ | سێیەم |
| | هەنگاو | ٦ | %٣٥,٣ | دوەم |
| | چاوی گەلی كوردستان | ٧ | %٤١,٢ | یەكەم |
| كۆی گشتی | - | ١٧ | %١٠٠ | - |
| پەیام | دیداری شەقام | ٧ | %٣٣,٣ | دوەم |
| | هەڵوەستە | ٤ | % ١٩ | سێیەم |
| | مایكی پەیام | ١٠ | %٤٧,٦ | یەكەم |
| كۆی گشتی | - | ٢١ | %١٠٠ | - |
| كەی ئێن ئێن | دەسەڵاتی هاووڵاتی | ١١ | %٢٩,٧ | دوەم |
| | كارنامە | ٦ | %١٦,٢ | سێیەم |
| | پرسی ڕۆژ | ٢٠ | % ٥٤ | یەكەم |
| كۆی گشتی | | ٣٧ | %١٠٠ | - |
| سپێدە | ڕۆژەڤ | ٧ | % ٣٥ | یەكەم ١ |
| | ڕەهەند | ٧ | % ٣٥ | یەكەم ٢ |
| | پرسی خەڵك | ٦ | % ٣٠ | دوەم |
| كۆی گشتی | - | ٢٠ | %١٠٠ | - |
| ئێن ئار تی | ڕای تۆ | ٢٤ | %٢١,٦ | دوەم |
| | تاوتوێ | ٨٢ | %٧٣,٩ | یەكەم |
| | پەرلەمانی خەڵك | ٥ | %٤,٥ | سێیەم |
| كۆی گشتی | - | ١١١ | %١٠٠ | - |
| ڕوداو | لەگەڵ ڕەنج | ٨٦ | %٥٦,٢١ | یەكەم |
| | بەرپرسیار | ٢٠ | %١٣,٠٧ | سێیەم |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | ڕوداوی ئەمڕۆ | ٤٧ | %٣٠,٧٢ | دوەم |
| کۆی گشتی | - | ١٥٣ | %١٠٠ | - |
| کوردستان ٢٤ | چ باسە | ١٦ | % ٢٠ | سێیەم |
| | بنکۆڵ | ٣٩ | %٤٨,٨ | یەکەم |
| | باسی ڕۆژ | ٢٥ | %٣١,٣ | دوەم |
| کۆی گشتی | | ٨٠ | %١٠٠ | - |
| کوردسات نیوز | فایل و دیاردە | ١٩ | %٢٧,٥ | دوەم |
| | ڕەهەند | ١٢ | %١٧,٤ | سێیەم |
| | پانۆراما | ٣٨ | % ٥٥ | یەکەم |
| کۆی گشتی | - | ٦٩ | %١٠٠ | - |

**سێیەم: ڕای دەستەبژێری میدیایی سەبارەت بە ڕۆڵی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان لە چاودێریکردنی کاروبارەکانی حکومەتدا:**

**١,٣,٣. ڕای بەرتوێژان سەبارەت بە ڕادەی ڕۆڵی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان لە چاودێریکردنی کاروبارەکانی حکومەتدا**

زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (٥٩%) بۆچونیان ئەوە بوە، بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان (بەڕادەیەکی مامناوەند) لە چاودێریکردنی کاروبارەکانی حکومەتدا ڕۆڵیان هەبوە. هەروەها (٣٢%) پێیان وابوە (بەڕادەیەکی نزم) ڕۆڵیان هەبوە، ئەمە لەکاتێکدایە کە (١١) کەس لەو باوەڕەدابون کە (بەڕادەیەکی زۆر) هەبوە. بە بۆچونی زۆرینەی بەرتوێژان بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان (بەڕادەیەکی مامناوەند) ڕۆڵیان لە چاودێریکردنی کاروبارەکانی حکومەتدا هەبوە. (٣٢%) پێیان وابوە (بەڕادەیەکی نزم) ڕۆڵیان هەبوە. ئەنجامێکیتر ئەوەیە کە زۆرینە پێیان وابوە ئاستەنگ هەیە لەبەردەم ڕۆڵی چاودێرکاریی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان، لەوانە، ئاستەنگی سیاسی کە پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە و هاوشێوەیە لەگەڵ توێژینەوەی (ڕەسول، ٢٠١١) هەروەها بەرتەسکبونەوەی ڕوبەری ئازادی ڕادەربڕین و لاوازی دەستگەیشتن بەزانیاری، کە هاوتایە لەگەڵ ئەو ڕاپۆرتانەی سەبارەت بە ڕێگری و پێشێلکارییەکان بەرامبەر ڕۆژنامەوانان لەلایەن سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان و سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە مافی ڕۆژنامەنوسان بڵاودەکرێنەوە. بەشێک لە بەرتویژان پێیان وایە فشاری خاوەندار لەم بابەتەدا فاکتەرێکی کاریگەرە، کەئەمەش هاوشێوەیە لەگەڵ توێژینەوەی (Woldeamanuel,2012).

**خشتەی (٧)**

**ڕای بەرتوێژان سەبارەت بە ڕادەی ڕۆڵی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان لە چاودێریکردنی کاروبارەکانی حکومەتدا**

| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
|---|---|---|---|
| بەڕادەیەکی زۆر | ١١ | % ٩ | سێیەم |
| بەڕادەیەکی مامناوەند | ٧٢ | % ٥٩ | یەکەم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەڕادەیەکی نزم | ٣٩ | ٪٣٢ | دووەم |
| کۆی گشتی | ١٢٢ | %١٠٠ | - |

### ٢,٣,٣. ڕای بەرتوێژان سەبارەت بە بونی ئاستەنگ لەبەردەم ڕۆڵی چاودێرکاری بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان بۆ کاروبارەکانی حکومەت

زۆرینەی بەرتوێژان بە ڕێژەی (٩١%) بە (بەڵێ) وەڵامیان داوەتەوە و لەگەڵ ئەوەدا بون کە ئاستەنگ لەبەردەم ڕۆڵی چاودێرکاریی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکاندا هەیە و تەنها (١١) بەشداربو وەڵامی (نەخێر)یان هەڵبژاردوە.

**خشتەی (٨)**

**بونی ئاستەنگ لەبەردەم ڕۆڵی چاودێرکاری بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان بۆ کاروبارەکانی حکومەت**

| ژ | بگۆڕەکان | ژمارە | % |
|---|---|---|---|
| 1 | بەڵێ | ١١١ | ٪٩١ |
| 2 | نەخێر | ١١ | % ٩ |
| | کۆی گشتی | ١٢٢ | %١٠٠ |

### ٣,٣,٣. ڕای بەرتوێژان سەبارەت بە ئاستەنگەکانی بەردەم ڕۆڵی چاودێرکاری بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان بۆ کاروبارەکانی حکومەت

لە پلەی یەکەمدا (ئاستەنگی سیاسی) دێت. لە پلەی دووەمدا (بەرتەسکبونەوە ڕوبەری ئازادی ڕادەربڕین) دێت. بژاردەی (ناتەندروستی بەند و بڕگە یاساییەکان پەیوەست بە بواری ڕۆژنامەوانی) کۆتا پلەی بەدەستهێناوە. ڕیزبەندی ئاستەنگی سیاسی لە پلەی یەکەمدا، هاوشێوەیە لەگەڵ توژینەوەی (هێرش،٢٠١١) و (جوان، ٢٠٢٢) ئەمەش ڕونیدەکاتەوە لە ڕوانگەی بەرتوێژانەوە تاوەکو ئێستا ژینگەیەکی لەبار لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیی کوردی بۆ ڕۆژنامەوانان نەڕەخساوە و بەربەستیان بۆ دروستدەکرێت لە جێبەجێکردنی ئەرکی دەسەڵاتی چوارەم، ئەمە ئاماژەیە بۆئەوەی لەگەڵ بەرەوپێشچون و زیادبونی فرەیی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لەماوەی ساڵانی ڕابردودا، بەڵام گۆڕانکاریی بەرچاو لە ژینگەی سیاسیدا لە بەرژەوەندی ئازادی ڕادەربڕین ڕوینەداوە.

**خشتەی (٩)**

**ئاستەنگەکانی بەردەم ڕۆڵی چاودێرکاری بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان بۆ کاروبارەکانی حکومەت**

| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
|---|---|---|---|
| ئاستەنگی سیاسی | ٩٢ | %١٨,٢ | یەکەم |
| بەرتەسکبونی ڕوبەری ئازادی ڕادەربڕین | ٦٧ | %١٣,٣ | دووەم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ناتەندروستی بەند و بڕگە یاساییەکان پەیوەست بە بواری ڕۆژنامەوانی | ٢٥ | %٤,١٠ | دەیەم |
| جێبەجێنەکردنی یاساکانی بواری ڕۆژنامەوانی | ٤٣ | %٨,٥ | شەشەم |
| لاوازی دەستگەیشتن بە زانیاری | ٦٤ | %١٢,٧ | سێیەم |
| لاوازی کارگێڕی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە گرنگیدان بە ڕۆڵی چاودێرکاری | ٣٣ | %٦,٥ | نۆیەم |
| کەم ئەزمونی ڕۆژنامەنوسان | ٥٩ | %١١,٧ | چوارەم |
| فشاری ناوخۆیی (خاوەنداری دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن) | ٤٨ | %٩,٥ | پێنجەم |
| فشاری دەرەکی سپۆنسەر و سەرچاوەی دارایی کەناڵ و بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان. | ٣٤ | %٦,٧ | هەشتەم |
| لاوازی کولتور و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی ڕۆژنامەنوسان | ٤٠ | %٧,٩ | حەوتەم |
| کۆی گشتی | ٥٠٥ | %١٠٠ | - |

**ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

١- زۆربەی دەستەبژێری میدیایی بە شێوازێکی بەردەوام بینەری ئەو بەرنامە تەلەڤزیۆنیانە نین، کە سەبارەت بە کاروبارەکانی حکومەت لە کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکاندا پەخشدەکرێن.

٢- زۆربەی بەرتوێژان بۆ ئاگاداربون لە پرۆژە و بڕیارەکانی حکومەت تەماشای بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان دەکەن.

٣- ئەو بەرنامە تەلەڤزیۆنیانەی سەبارەت بە بابەتە ئابوری و خزمەتگوزارییەکان پەخشدەکرێن جێگەی بایەخی زۆرینەی دەستەبژێری میدیایین.

٤- بە ئامانجی ئاگاداربون لە کاروبارەکانی حکومەت زۆربەی دەستەبژێری میدیایی تەماشای بەرنامەکانی کەناڵەکانی (Rudaw)و (NRT) دەکەن.

٥- زۆربەی بەرتوێژان بۆچونیان وایە، بە ڕادەیەکی ماناوەند بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانی کەناڵە هەواڵییە کوردییەکان توانیویانە ڕۆڵی دەسەڵاتی چوارەم بەسەر کاروبارەکانی حکومەت بگێڕن.

٦-لە ڕوانگەی دەستەبژێری میدیایی ئاستەنگ لەبەردەم ڕۆڵی چاودێرکاریی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکاندا هەیە و دیارترینیان ئاستەنگی سیاسییە.

**ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:**

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەران چەند ڕاسپاردەیەک دەخەنەڕو لەوانە:

١- ئامرازی بەکارهێنراو لەم توێژینەوەیەدافۆڕمی ڕاپێوییە و بەڕای توێژەران کاریگەری هەبوە لەسەر سنوردارکردنیان لە کۆکردنەوەی زانیاری قوڵ سەبارەت بە کێشەی توێژینەوەکە، هەر بۆیە یەکێک لە ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە بریتییە لە ئەنجامدانی توێژینەوە زانستییەکان کە پشت بە میتۆدی چۆنێتی دەبەستن و بۆ کۆکردنەوەی داتاکان و ئامرازەکانی

چاوپێکەوتنی قوڵ یاخود ناخشیکاری بەکاردەهێنن، دەکرێت توێژینەوەی زیاتر لەسەر هەریەک لە هۆکارە کاریگەرەکانی سەر ڕۆڵی چاودێریکردن لە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکاندا ئەنجام بدرێت.

٢- دەرگاوانی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان بایەخ بە ڕۆڵی چاودێریکردن بدەن و هەوڵی چەسپاندنی بنەماکانی بدەن.

٣- ئامادەکار و پێشکەشکارانی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان پێداچونەوە بە سیاسەتی بەرنامەکانییاندا بە ئامانجی خزمەتکردنی بینەران و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان بکەن.

## سەرچاوەکان:


ڕەسوڵ، هێرش (٢٠٠٨) میدیا و دەسەڵات. سلێمانی: چاودێر.

Bovens, M. (2014) ʻPublic Accountabilityʼ، in Bovens, M., Goodin, R.E. and Schillemans, T. (eds.) The Oxford Handbook Public Accountability. Oxford: Oxford University Press, pp. 182-208.

Bryant, J., Thompson, S. and Finklea, B.W. (2012) Fundamentals *of media effects*. 2nd edn. Chicago: Waveland Press.

Taha, M. Y. (2020) *Media and Politics in Kurdistan: How Politics and Media are Locked in an Embrace*. London: Lexington.

جەلال، سامان. (٢٠٢٣) ئینسایکلۆپیدیای میدیای کوردی. زانکۆی سەڵاحەدین: هەولێر.

Kaid, L. L. and Holtz-Bacha, C. (eds.), (2008) *Encyclopedia of Political Communication*. Thousand 3-Oaks, CA: SAGE Publications. Available at: https://sk.sagepub.com/reference/politicalcommunication. (Accessed: 12 June 2022)

Nai, A. (2019). 'Watchdog press', *The International Encyclopedia of Journalism Studies*, pp.1-6. doi: https://doi.org/10.1002/9781118841570.iejs0167.

Sterling, C. H. (2009) 'Encyclopedia of Journalism'. *Thousand Oaks*, CA: SAGE Publications, Inc. Available at: https://doi.org/10.4135/9781412972048. (Accessed 8 Jul 2023).

ئاشتی، حسین. (٢٠١٧) ڕۆڵ و گرنگی ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاری، لە ڕۆژنامەوانی کوردیدا: توێژینەوەیەکی مەیدانییە بۆ دید و بۆچونی بەڕێوەبەری دەزگا میدیاییە چاپکراوەکانی شاری سلێمانی سەبارەت بە ڕۆڵ و گرنگی ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاری، ١(١٢) ، لا ٣٢٤-٣٦٢.

حسنين، سامح. (2022). ' الوظيفة الرقابية للصحافة الاستقصائية خلال مرحلة التحول الديمقراطي في مصر – دراسة تطبيقية على التحقيقات الاستقصائية المنشورة في الصحف اليومية عامي 2013م- 2014م '، المجلة المصرية ٢-لبحوث الاتصال الجماهيري، ١ (٣) ص ص. ٢٣٤-٣٢١.
doi: 10.21608/mebp.2022.108566.1019

Faris, J., Maeseele, P. and Smets, K. (2023) 'The Impact of Advertisers on Media and Journalism in Transitional Democracies: The Case of the Kurdistan Region of Iraq'. *International Journal of Communication*, *17*, pp.3388-3407. Available at: https://ijoc.org/index.php/ijoc/article/view/19849 (Accessed 4 July 2023).

Feldman, D.L. and Eichenthal, D.R. (2014) *The art of the watchdog: Fighting fraud, waste, abuse, and corruption in government*. New York: Suny Press.

Karadimitriou, A. et al. (2022) 'Investigative journalism and the watchdog role of news media: Between acute challenges and exceptional counterbalances' in Trappel, J. and Tomaz, T. (eds.) *Success and Failure in News Media Performance: Comparative Analysis in the Media for Democracy Monitor 2021*. Nordicom. University of Gothenburg, pp. 1-6.

Lasswell, H.D. (1948) 'The structure and function of communication in society', *The communication of ideas*, 37(1), pp.136-139. Available at: http://sipa.jlu.edu.cn/__local/E/39/71/4CE63D3C04A10B5795F0108EBE6_A7BC17AA_34AAE.pdf.

Norris, P. and Odugbemi, S. (2009) 'Evaluating Media Performance'، in Norris, P. (ed.) Public Sentinel: News media and governance reform. Washington/DC: World Bank Publications, pp. 1-29.

Relly, J.E., Zanger, M. and Fahmy, S. (2015) 'Professional role perceptions among Iraqi Kurdish journalists from a 'state within a state'. *Journalism*, 16(8), pp.1085-1106. doi: https://doi.org/10.1177/1464884914550973

Schudson, Mi. (2017) 'How to Think Normatively About News and Democracy' in Kenski,K and K.H. Jamieson (eds.) *The Oxford Handbook of Political Communication*. Oxford. Oxford University Press, pp. 95-108.

ارشد، اسعد. (٢٠١٢) پشتبەستنی جەماوەر بە بابەتی بەدواداچون لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری (توێژینەوەیەکی مەیدانییە). نامەی ماستەر. زانکۆی سەڵاحەدین.

دەشتی، ڕەشید. (٢٠١٧) پێگەی ڕۆژنامەنوسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا (توێژینەوەیەکی مەیدانییە). نامەی ماستەر. زانکۆی سلێمانی.

جوان، محێدین. (٢٠٢٢) ڕۆڵی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە ڕووبەڕوبونەوەی گەندەڵیی لە هەرێمی کوردستاندا. تێزی دکتۆرا. زانکۆی سلێمانی.

هیرش، رسول، (٢٠١١)' الوظيفة الرقابية للصحافة الكوردية في إقليم كوردستان دراسة تحليلية و ميدانية في جريدتي (كوردستانى نوى) و (روزنامه) للمدة من ٢٠٠٩/١/١ لغاية ٢٠٠٩/١٢/٣١. أطروحة دكتورا. جاميعة السليمانية.

Gainaka, Abdu Maryam. (2020) *Influences of the watchdog role of broadcast media in Nigeria*. MA Dissertation. University Putra Malaysia.

Gharib, A.H. (2016) *Political Communication and the Media in Kurdistan*. PhD thesis. Sheffield Hallam University. Available at: https://shura.shu.ac.uk/11820/ (Accessed 23 August 2022).

Hearns-Branaman, J.O. (2011). *The Fourth Estate in the USA and UK.* PhD thesis. University of Leeds. Available at: https://rb.gy/3j2qhg. (Accessed 10 March 2022).

Hussein, H. (2018) *The Role of News Media in Supporting Democracy in Kurdistan Region.* PhD thesis. Nottingham University. Available at: https://www.semanticscholar.org/paper/The-role-of-news-media-in-supporting-democracy-in-Hussein/b42a554b0547eb7e2e9aab82841c255a617863e8 (Accessed: 10 October 2022)

Syan, K.A.Q. (2017) *Media in an Emergent Democracy: The Development of Online Journalism in the Kurdistan Region of Iraq.* PhD thesis. University of Bradford. Available at: https://bradscholars.brad.ac.uk/handle/10454/11060 (Accessed 23 May 2022).

Woldeamanuel, B. (2012*) The watchdog role of journalism: A study of the perception of Ethiopian journalists*. MA Dissertation· Addis Ababa University.

Boorstin, D (1961) *The Image: A Guide to Pseudo Events*, Penguin Books Ltd: Middlesex.

Coronel, S. (2003*) The role of the media in deepening democracy*. Available at:

http://www.changecom-munications.org/docs/dib/dibengunpan010194.pdf.

Hersh, S.M. (2004) *Torture at Abu Ghraib*. Available at: https://rb.gy/ynrybd. (Accessed: 10 September 2022).

Hunter, M.L. (2012) *The global investigative journalism casebook*. UNESCO Series on Journalism Eduction. United Nations Educational, Scientific and Cultural Organization. Available at: http://unesdoc.unesco.org/images/0021/002176/217636e.pdf. (Accessed 7 April 2023). *ORD online* (2011). Available at:

https://www.oxfordreference.com/view/10.1093/oi/authority.20110803095831292 (Accessed: 28 June 2022).

Reporters Without Boarders (2010) *Betwwen Ferredom and Abuses: The Media Paradox in Iraqi Kurdistan.* Available at:
https://issuu.com/rsf_webmaster/docs/rsf_rapport_kurdistan_irakien_nov_2010_gb?backgroundColor=%23222222 (Accessed 25 July 2023).

پەراوێز:

[i] . ناوی پسپۆڕان و شارەزایان بەپێی ڕیزبەندی پلەی زانستییان
پ.د. هێرش ڕەسوڵ موراد   زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی، بەشی پەیوەندییە گشتییەکان و بازاڕگەری – پسپۆڕی، ئیتیک و کۆمەڵناسی ڕاگەیاندن.
پ.ی.د ڕێبەر گۆران مصطفي   زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی، بەشی تەکنیکی میدیا – پسپۆڕی، میدیای نوێ.
پ.ی.د سامان جەلال مەولود   زانکۆی سەڵاحەدین،کۆلێژی ئاداب، بەشی ڕاگەیاندن – پسپۆڕی،هونەرەکانی ڕۆژنامەوانی.
پ.ی.د. شێرکۆ جەبار محمد   زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی، تەکنیکی میدیا – پسپۆڕی، بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنی.
پ.ی.د عبدالخالق إبراهیم مصطفي   زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، بەشی تەکنیکی میدیا – پسپۆڕی، ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنی سیاسی.
پ.ی.د کاروان عەلی قادر   زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، کۆلێژی تەکنیکی کارگێری، بەشی پەیوەندییە گشتییەکان و بازاڕگەری – پسپۆڕی، میدیای نوێ.
م.عادل محمد نوری   زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، بەشی کۆمەڵایەتی – پسپۆڕی، دبلۆمی باڵا لە ئامار.